دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە



ڕۆژنامەی «کوردستان» وێڕای پیرۆزبایی
٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
لە چیاقامەتانی مەتەرێزی شاخ و شار،
پیرۆزبایی شەوی یەلدا، شەوی لەدایکبوونی
پێغەمبەری ئاشتی و باڵاکردنی ڕووناکی لە
هەناوی شەوەزەنگی تەمتوومان
لە گەلی کورد دەکات

ژمارە ٧٨٩، یەکشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢٠ی دێسامبری ٢٠٢٠
www.kurdistanmedia.com



پەیامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٤


پێشمەرگە، ڕۆشنبیرێکی خەباتکار ٦


پێگەی پێشمەرگەی کوردستان لە نێو کۆمەڵگای کوردستان ٨


ڕاهێنەری، فێرگەیەک بۆ فێربوون ١٠


# شکۆی گەل



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە چیاکانی کوردستاندا ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە سانی نیزامیی هێزی پێشمەرگە؛ پاشان سروودی دوژمنشکێنی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە؛ دواتر چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان ڕاگەیەندرا و هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان سوێندی نیشتمانییان خوارد.

لە بڕگەی دواتردا هیزەکانی پێشمەرگە بە ڕێژەی تایبەتی پێشمەرگانە و وەرگرتنی سان، کەشێکی تایبەتیان بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی و ئامادەیی هێزەکانی پیشمەرگەیان پیشان دا.

بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی پەیامێک لەلایەن «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەوە.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای ئاماژەدانێکی کورت بە مێژووی پڕ لە کەندولەندی خەباتی هێزی پێشمەرگە و لایەنە دیرۆکییەکانی، پێداگریی لەسەر نەخش و ڕۆڵی پێشمەرگە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کورد کرد و باسێکی تێروتەسەلی لە پێوەندی لەگەڵ پێگەی پێشمەرگە لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی پێشکەش کرد.

«قادری» لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «دوای ئەوەیکە کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا و لە دانیشتنە فەرمییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر ناوی پێشمەرگە دیاری کرا؛ ناوی پێشمەرگە بوو بە شکۆی خەباتی نەتەوەخوازیی گەلی کورد. لەو کاتەوە هەتا ئێستا حیزبی ئێمە، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و ناودێرکردنی ناوی پێشمەرگە؛ پێشمەرگە بووەتەوە هێمای ڕزگاریی نەتەوەیی و وەک سیمبۆلی خەبات و بەرخۆدانە و ئەو ڕۆڵە خۆبەخشە لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی گەلی کورد لە عەرسەی سیاسی و لە مەتەرێزی شەرەف و کەرامەتدا لەو ڕێگایە خەبات دەکات».

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا قادری ئاوڕی لە دۆخی سیاسی و ئابووریی و نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی دایەوە باسی لەوە کرد کە: «ڕێژیم لە ئێستەدا ناتوانی لانیکەمی پێداویستییەکانی خەڵکانی ئێران دابین بکات کە ڕوونە سەرەکیترین هۆکاری ئەم مەسەلە بریتییە لە سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا.»

لە کۆتایی وتەکانیشیدا باسی لە نەخشی شار و مێحوەریبوونی ئەم جمگەی خەبات کرد و بە ئاوڕدانەوە لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات وتی: «حیزبی ئێمە بە خوێندنەوەی وردی هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی و هەڵسەنگاندنی دۆخی ژیان و خەبات لە کوردستانی ئێران بڕیاری دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی دا کە ئەمڕۆ پاش چەند ساڵ لە تێپەڕین بەسەر ئەم بڕیارە ڕاستی و درووستی ئەم بڕیارە بۆ دۆست و دوژمن بە دیار دەکەوێ.»

پاش پەیامی «قادری»، بەپێی نەریتی ساڵانە لەوحی ڕێزلێنانی ٢٠ ساڵە کە تایبەتە بەو پێشمەرگانەی کە ماوەی ٢٠ ساڵ لە سەنگەرەکانی بەرخۆدان و پارێزگاری لە کەرامەتی نەتەوەکەیان بەشدار بوون، لەلایەن بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەوە پێشکەش کرا.

لە ڕێوڕەسمی ئەمساڵدا شەش هاوڕێی پێشمەرگە ئەم لەوحەیان وەرگرت کە بریتین لە بەڕێزان: «سەلیم زەنجیری، والی دروودی، عوسمان مستەفاپوور، سەردار عوسمانی، ستار ئیبراهیمی و شەهریار ئەمینپوور».

دواتر خەڵات بەسەر براوەکانی کێبڕکێی سیاسی و نیزامیی هێزی پێشمەرگەدا دابەش کرا کە لە ماوەکانی ڕابردوودا و لە بەرەبەری هاتنی ڕۆژی پێشمەرگە لە بوارەکانی سیاسی — فکری و سەربازی بەڕێوە چووبوو. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٤٥ی سەرەتایی پێشمەرگەش بەڕێوە چوو کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا فێرخوازانی بەشدار لە فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بە وانەکانی سیاسی و نیزامی ڕاهێنرابوون. کۆتابڕگەی ئەم ڕێوڕەسمەش بریتی بوو لە ئەنجامدانی کۆمەڵێک جووڵە و نمایشی تایبەتی نیزامی کە دەرخەری ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی هێزەکانی پێشمەرگە بوو کە سەرنجی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ڕێوڕەسمەکە لە کەشێکی پێشمەرگانەدا کۆتایی پێهات.

جیا لە ڕێوڕەسمی ئاماژەبۆکراو، لە ماوەکانی ڕابردوودا و لە بەرەبەری هاتنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دڵسۆزانی گەل لە نێوخۆی کوردستان و سەرباری بوونی کەشی ئەمنیەتی و زاڵبوونی فەزایەکی پۆلیسی بەسەر شار و شارۆچکە و گوندەکاندا بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی لەوانەش هەڵکردنی ئالای کوردستان، بلاوکردنەوەی پووستێر و تراکتی تایبەت بەم بۆنە، ڕازاندنەوەی دیوار و شوێنە گشتییەکان بە درووشمی شۆڕشگێڕانەی تایبەت بە پێشمەرگە و هەروەها ناردنی پەیامی پیرۆزبایی و نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێن لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، ڕێزیان لەم ڕۆژی نیشتمانییە گرت.

## پەیڤ

## ئەوەد شەوی درێژ

**کەریم پەرویزی**

ڕۆژێك یان ڕەنگە، شەو و نیوەشەوێك، ژنێك لە شوێنێکی ئەم جیهانە، یان بەرتەسکتری بکەینەوە، ئەم کوردستانە، ژان دەیگرێ و چەند کەس لە خزم و کەسوکار بەدەورییەوە دەبن و منداڵێك لەدایك دەبێ. هەر کەسەو نیگەرانی ئەوەیە کە دایکەکە بە سلامەتی لەو ژانە ببێتەوە و منداڵەکەش بێ کێشە بێتە دونیاوە. گەورەترین خەم و نیگەرانی لەو دەمەدا، بەسلامەتی دەربازبوونی دایك و منداڵەکەیە لەو قۆناخە دژوار و سەختە؛ کە یەکەم قیژەی منداڵەکە بە گوێی خزمان گەیشت، هەموو هەناسەیەکی ئاسوودە دەردەدەن و بەدەم گریانی منداڵەکەوە پێدەکەنن.

لەو دەمەیدا کە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی، لە درێژترین شەوی ساڵدا، لە ورمێ، بنەماڵەی خاوەن پێگەی گوندی قاسملوو، لە ماڵی موحەمەدئاغا کۆببوونەوە و چاوەڕێی هاتنی منداڵێك بوون، تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە کە دایك و منداڵەکە بە سلامەتی لەو قۆناخە تێبپەڕن و کەس لە بیری ئەوەدا نەبوو کە ئەم منداڵە داهاتووی چۆن دەبێ!

لە دوای ئەو شەوە کە درێژترین شەوی ساڵ بوو، تاکوو ئێستا ٩٠ شەو لەو جۆرە شەوانە، واتە ٩٠ یەلدا و درێژترین شەوی ساڵ تێپەڕیوە و بەداخەوە کە ڕۆڵەی لەدایکبووی یەلدا، لە یەکێك لە شەوەکانی درێژترین ڕۆژەکانی هاویندا بە دەستی تیرۆریستانی نێردراوی ویلایەتی فەقیهی نیشتەجێی تاران شەهید بوو، بەڵام ئەوەی ژیاوە و دەژی، هزر و ڕوانگە و بیروباوەڕەکانی ئەو ڕۆڵەی نیشتمان و مەکتەبە فیکرییەکەیەتی کە نەك تەنیا لە گوندێکدا قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو کوردستان و ئێرانی گرتەوە و دەنگدانەوەی نێونەتەوەیی هەبوو.

دوکتور قاسملوو کە لە درێژترین شەوی ساڵدا لەدایك بوو، بە کردەوە و تێکۆشان و هزر و باوەڕی، دەیەویست شەوی درێژ لەسەر کوردستان دوور بخاتەوە و تاریکیی داسەپاو بەسەر نیشتماندا بڕەوێنێتەوە و بە تیشکی هەتاو نەتەوە و نیشتمان ڕووناك و گەرم بکاتەوە و سەوزەڵانی و ئاوەدانی و ژیان بەرهەم بێنێ.

دوکتور قاسملووی بلیمەت، سەدان زمانی دەزانی نەك تەنیا زمانەکانی وەکوو ئینگلیسی و فەرانسەوی و... بەڵکوو زمانی گرووپ و دەستە و چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگا جیاوازەکان. هەم لە زمانی مامۆستایانی زانکۆی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەیەکی بەنیسبەت ئاڵوگۆڕەکان پێک هێنا

کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەندامانی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو و لە کۆبوونەوەیەدا باس لە کۆمەڵێک پرسی گرینگی کوردستانی و جیهانی کرا.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٩، کاتژمێر ٩ی بەیانی کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، دەستی پێکرد.
دوای دەسپێکی کۆبوونەوە، «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی باس کرد. «هیجری» لە یەکەم بڕگەدا ڕاپۆرتێکی سیاسی لەسەر دۆخی سیاسیی ناوچە، ئێران و کوردستان، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئامریکا و هەڵبژێردرانی جۆ بایدێن، بەردەوامیی دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی لە ئێران، کوژرانی بەرپرسی باڵای پرۆژەی چەکی ناوکیی ڕێژیم، دوایین کاردانەوە و پێشهاتەکانی دوای گەمارۆکانی سەر ئێران و گرژییەکانی ناوچەی باس کرد.
دوای قسەکانی ناوبراو، بەشدارانی کۆبوونەوە بە تێر و تەسەلیی لەسەر بابەتەکان تێبینی و ڕای خۆیان باس کرد و ڕاپۆرتەکە وەکوو ڕاپۆرت و ڕای ڕێبەریی حیزب پەسند کرا.
لەو ڕاپۆرتە سیاسییەدا لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد کە دوای هاتنەسەرکاری ئیدارەی نوێی ئامریکا، سەرۆکی نوێ و تیمەکەی، هەم لەو گوشارانەی کە دەوڵەتی دانڵد ترامپ بۆ ئێرانیان هێنابوو کەڵک وەردەگرن و هەم هەوڵ دەدەن ئورووپاییەکان و لەوانەیە وڵاتانی عەرەبیی خەلیجیش لەگەڵ سیاسەتی نوێیان هاوئاهەنگ بکەن و بە پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوئاهەنگی، ڕێژیمی ئێران ناچار بکەن کە هەم ڕێککەوتنە ناوکیەکە جێبەجێ بکا و هەم دەستی لە ناوچە کورت بکەنەوە و بەتایبەت پرۆژە مووشەکیەکەی سنووردار بکەنەوە.
ڕاپۆرتە سیاسیەکە وێڕای لێکدانەوەی زانیاری و شیکارییەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ڕێژیمی ئێران زیاتر لە جاران بەرەو داکشان دەچێ و نارەزایی نێوخۆیی و گوشاری خەڵک؛ هەروەها شەڕی دەسەڵاتی نێو باندەکانی ڕێژیم و گوشار و دیپلۆماسیی هاوئاهەنگی جیهانی بەرەو ئەو شوێنەی دەبا کە تەسلیم ببێ و لەوەها حاڵەتێکدا دۆخی ڕێژیم لە نێوخۆ زۆر لاوازتر دەبێ و دەرەتانی خەباتی خەڵک و نەتەوەکانی ئێرانی زۆرتر دەبێ.
ڕاپۆرتەکە هەروەها باسی لە دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و هێزەکانی کوردستان و پێویستیی خۆئامادەکردن بۆ قۆناخی بەردەم کردبوو و لەوبارەوە ڕێنوێنیی پێویست بۆ ئۆرگانە پێوەندیدارەکان درابوو کە لەو پێناوەدا کار و بەرنامەکانیان ڕێک بخەن.
لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لەسەر ڕەوتی دیالۆگی تایبەت بە پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و دانیشتنەکانی هەیئەتەکانی دیالۆگ بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرا و لەو بارەوە وێڕای پشتیوانی لە هەنگاوەکانی هەیئەتی تایبەت بەو دیالۆگە و پێداگری لەسەر درێژەدانی جیددی دیالۆگەکە و هەوڵدان بۆ هەرچی زووتر بەئاکام گەیاندنی ڕەوتەکە، ڕێنوێنیی پێویست بۆ هەیئەت سەبارەت بە پرسە پێوەندیدارەکان درا.
بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە هەندێک بابەتی تەشکیلاتی و ئۆرگانیی نێو حیزب خرانە بەر باس و بڕیاری پێویستییان لەسەر درا. کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٧ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتایی هات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نووسینگەی کارگێڕی**
**٢٠ی سەرماوەزی ١٣٩٩**

## بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشانگایەکی تایبەت بە شەهیدانی کوردستان کرایەوە



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پێشانگا و گەلەرییەکی تایبەت بە وێنە و بەڵگەکانی تایبەت بە شەهیدانی کوردستان لەلایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەشی شەهیدان کرایەوە.
لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا «فواد خاکی بەیگی» بەرپرسی نووسینگەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووان باسی لەوە کرد: «دەستەی کارگێڕی لە ماوەی ڕابردوودا بڕیاری داوە گەلەرییەکی تایبەت بە پاراستنی بەڵگەکانی تایبەت بە شەهیدان بکرێتەوە و لە ماوەی ڕابردوودا بە هەوڵ و تێکۆشانی بەشی شەهیدانی کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتی و هاوکاریی ئۆرگانە پێوەندیدارەکان ئەم پرۆژە گرینگە بە ئەنجام گەیشت».
لە بەشی دواتردا و پێش لە کرانەوەی پێشانگاکە، «محەممەدنەزیف قادری»، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و باسی لە گرینگیی ئەم کارە و گرینگیی ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان لە بۆنە جیاوازەکاندا کرد.
لە بڕگەی دواتردا، پێشانگاکە لەلایەن «محەممەدنەزیف قادری»، «سەیفوڵڵا خەیری» برای دوو شەهیدی کوردستان و هەروەها خاتوو «هیوا ئەحمەدی پوور» کچی شەهیدێکی کوردستان کرایەوە.
هەروەها «سەلیم باپیری»، بەرپرسی بەشی شەهیدان بەنیسبەت کردنەوەی ئەم پێشانگایە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا باسی لەوە کرد: «پرۆژەکە لە سەر نوێکردنەوەی پێشانگای وێنەی شەهیدان بوو، کە لە مانگی سەرماوەزدا کارەکانی بە کۆتایی گەیشتوون هەر بۆیە بڕیار درا کە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بکرێتەوە تاکوو ببێتە دەرفەتێک بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفادارای بەرانبەر بە شەهیدانی کوردستان». لەم ڕێوڕەسمەدا، چەندین کەس لە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بەشداربوون کە ئێستا خۆیان چەکی پارێزگاری لە نیشتمانیان لە شان کردووە و درێژەدەری ڕێبازی شەهیدانن.
کرانەوەی پێشانگاکە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم پێشانگایە جیا لە وێنەی شەهیدان، بەشێکی تایبەت بە بەڵگە و کەرەستە تایبەتەکانی شەهیدانی کوردستانی هەیە کە بە چەشنی مۆزەخانەیەک کەوتووەتە بەر دیدی خەڵکەوە و دەرکەشی بە ڕووی بنەماڵەی شەهیدان، لێکۆڵەران و هەموو ئەو کەسانەی کە تامەزرۆی بینین و سەردانی ئەم شوێنەن؛ کراوەیە.

## دوو وێبیناری تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز بەڕێوەچوو

لە دوو وێبیناری جیاوازدا لە هەر کام لە وڵاتەکانی ئاڵمان و فینلاندا تاوتوێی پرسی ڕۆژی پێشمەرگە و نەخش و شوێندانەرییەکانی لەسەر ڕەوتی خەبات کرا و ئاوڕ لە ئەرکی ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان درایەوە.
ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاند، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەشداریی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی فینلاند و میوانداریی «کاوە بەهرامی»، بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وێبینارێکی تایبەتی بەڕێوە برد.
«بەهرامی» بە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر ناو و خەباتی پێشمەرگەی کوردستان، بەکورتی ئاوڕێکی لە ڕووداوەکانی پێش کۆماری کوردستان دایەوە و ئاماژەی بەو شۆڕشانە کرد کە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا سەریان هەڵداوە و دواتر بە پیلانی جۆراوجۆر سەرکوت کراون و جارێکی تر بەداخەوە هەڵنەگیرساونەتەوە.
«کاوە بەهرامی» هەروەها ئاماژەی بە هێرشی خەڵکی شاری مەهاباد کرد بۆ سەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و تێکەوەپێچانی ئەو دامودەزگایانە. «بەهرامی» وتی: «ئەوە بوو بە نۆختەگۆڕانێکی گرینگ لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان.»
بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، وتی: «ئێمە لەدوای ڕووخانی ڕێژیمی شا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشدارییەکی بەرچاومان لە تێکەوەپێچانی ئەو ڕێژیمە بوو، لە کوردستان هیوایەکی زۆرمان هەبوو. بەڵام بەداخەوە بەهۆی بیرۆکەی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەوڵەکانی گەلی کورد، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گرتنەبەری ڕێگای ئاشتییانە، نەیتوانی سەرکەوتوو بێت. بۆیە شەڕ لە کوردستان ساز بوو، بەڵام گەلی کورد و لە سەرەوەی هەموویان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، زۆر باش توانییان بەرەنگای پیلانەکانی ڕێژیم ببنەوە و لە شەڕێکی توندوتیژدا کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە، بە تەواوی ماشینی جەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە کار خست.»
«بەهرامی»، وێڕای ئاماژەدان بە بارودۆخی ئێران و کوردستان و زەروورەتی چالاکی و جووڵەیەکی نوێی هێزی پێشمەرگە بۆ خەبات لە کوردستان، باسی لە ڕاگەیاندنی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» کرد کە ساڵی ١٩٩٤ی هەتاوی لە شاخەکانی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکرات و بە بەشداریی هێزی بەهێزی پێشمەرگە ڕاگەیەندرا.
ناوبراو هەروەها باسی لە ئامانجی ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کرد و وتی: «بۆ ئەوەی بتوانین حزوورێکی بەردەوامیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێت و هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین پاڵپشتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتدا بین، ڕاسانی ڕۆژهەڵاتمان ڕاگەیاند».
بەهرامی لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: «باشترین مێکانیزم بۆ ئاڵوگۆڕەکان بوونی ئاڵترناتیڤێک و ئۆپۆزیسیۆنێکی باش لە ئێراندایە. ئاڵترناتیڤێکی یەکگرتوو کە بتوانێت وڵامدەری هەلومەرجی ئێستای شۆڕشی گەلانی ئێران بێت». هەروەها بەنیسبەت کوردستانیش، بەهرامی جەختی لەسەر پێویستیی بوونی یەکیەتی و هاوکاریی کردەیی هەمەلایەنەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد کردەوە کە دەتوانێت داهاتووی گەلی کورد مسۆگەر بکات و چارەسەر بێ بۆ ئەوەی تووشی کێشەی ناوخۆیی نەبینەوە.
لە کۆتایی وێبینارەکەدا، چەند پرسیارێک ئاراستەی «کاوە بەهرامی» کران و ناوبراو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.
لەلایەکی ترەوە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەز بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز «ڕۆژی کەمئەندامانی نێو سەنگەر» و ٢٦ی سەرماوەز» ڕۆژی «پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان» وێبینارێک لەلایەن ڕێکخستنی گشتیی دەرەوەی وڵات بۆ ژمارەیەک لە کەمئەندامان و تێکۆشەرانی دێرین و ڕۆژانی سەختی خەبات لە کۆمیتەی ئاڵمان پێک هات.
لە سەرەتای وێبینارەکەدا «شەهریار نەقشبەندی» بەناوی ڕێکخستنی گشتیی دەرەوەی وڵاتەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و دواتر «ڕەشید ڕەحمانی» بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان بە ناوی کۆمیتەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.
«ڕەحمانی» لە وتەکانیدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مانگی سەرماوەز و ڕۆژە مێژووییەکانی وەک «١٦، ١٧ و ٢٦ی سەرماوەز» کە هەرکام لەو ڕۆژانە وەک ڕۆژی کەمئەندامان، تێرۆری دەروازەی کۆیە کە لەودا ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەی حیزب بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران و هەروەها ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراون، بە ڕێزەوە پێگەی بەرزی کەمئەندامانی نێو سەنگەر و پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلی کورد و بەتایبەت هێزی پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەرز نرخاند.
ناوبراو لەوبارەوە وتی: «هیچ گومانی تێدا نییە کە کەمئەندامانی شۆڕش و بەرخۆدان و شەڕە پڕ لە حەماسەکانی دژی داگیرکەران، بەڵگەی سەلمێنەر و حاشاهەڵنەگری کوڵنەدان و خۆڕاگریی نەتەوە بەشخوراو و زوڵم لێکراوەکەمانن. سیمبولی پاڵەوانەتی و گیانبازین و هێمای هەرمان و پاراستنی شوناسی نەتەوەخوازیی ئێمەن.
لە کۆبوونەوەی ئەمشەویشدا ژمارەیەک لەو ئینسانە فیداکارانە حزووریان هەیە کە جێگای شانازیمانن و ئەوە لەخۆبردوویی و فیداکاری و گیان لەسەردەستیی ئەوان و هەزارانی وەک ئەوانن کە لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا، گەلی کوردیان لەسەر پێ هێشتووەتەوە و وەک نەتەوەیەکی خۆڕاگر و قارەمان و کۆڵنەدەریش بە جیهانیان ناساندوون».
پاشان هەرکام لە تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەختی خەبات و تێکۆشان، هاوڕێیان: «حاجی جوندی، خەلیل ئێسپەندار، شاهۆ عەلەوی و نادر ئەڵڵایاری» لە چەند بڕگەی جیاوازدا، ژیان و بەسەرهاتی خۆیان لەکاتی خەبات لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئاستی بەرزی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بە شێوەی فرەڕەهەند گێڕایەوە و لە قسەکانیاندا ورەی بەرزی پێشمەرگە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ کرد و لەپێناویدا قوربانییان دا، خستە ڕوو.
لە بەشی کۆتایی وێبینارەکەدا، «کاوە عەبداڵی» بەرپرسی گشتیی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات، بۆ بەشدارانی وێبینارەکە قسەی کرد.
«عەبداڵی» لە بەشێک لە قسەکانیدا وتی: «لە ١٦ی سەرماوەزدا مامۆستای زۆر هێژا و بەڕێزمان لەلایەن کۆماری سێدارەوە پلانی تێرۆری بۆ داڕێژرا و لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا زیاتر لە نیوەی جەستەی خۆی بەختی ئازادی کرد و حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب ناوزەد کرد. بەو بۆنەوە و بە ڕێزەوە یادی سەرجەم کەمئەندامانی تێکۆشەرمان دەکەینەوە. کەمئەندامانی ئێمە سەرمایەی حیزب و نەتەوەی کوردن. هاوکات پێشمەرگەی نیشتمان و کاتێک باس لە ڕۆژی پێشمەرگە دەکەین، دەبینین کە کەمئەندامان ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بوون کە لە ڕێگای نەتەوەی خۆیان و خەباتەکەیان بەشێک لە جەستەی خۆیان پێشکەش کردووە.
ئێمە هیوادارین لەو ڕابردووە پڕشنگدارە و لەو هەموو ئەزموونەی لە ڕەوتی خەبات بەدەستیان هێناوە، بتوانین بۆ ئێستا و داهاتوو کەڵکیان لێوەرگرین. هەروەها هەرچەند کە بەهۆی کۆرۆناوە نەمانتوانی بەو جۆرەی کە پێویستە، یادی ڕۆژی پێشمەرگە بکەینەوە، بەو حاڵەشەوە هیچ بەربەستێک ناتوانێت ئەو ڕۆژە پیرۆزە لە زەین و ناخی ئێمە و گەلی کورد بسڕێتەوە، چونکە پێشمەرگە زامنی داهاتوویەکی ڕوونە بۆ نەتەوەکەمان. ئەو ڕۆژە پیرۆزە، واتە جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە سەرجەم تێکۆشەران و گەلی کورد پیرۆز بێت».

## یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕێزی لە ژنانی پێشمەرگە گرت

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، چەپکەگوڵی ڕێزی پێشکەش بە پێشمەرگەکانی کوردستان کرد.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان بە پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ، ڕێزیان لە کچە پێشمەرگەکان و هەروەها هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان گرت. لە ڕۆژانی ١٩، ٢٣، ٢٤ و ٢٦ی سەرماوەز، کۆمیتەکانی «یایان، نەسرین قاسملوو، مینا خانم» کۆمیتەی «هەرمان» لە یەکیەتیی لاوان و هەروەها بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان بۆ ڕێزگرتن لە کار و خەباتی بێبڕانەوەی پێشمەرگەکانی کوردستان، چەپکەگوڵی وەکوو هێمای ڕێز و خۆشەویستی پێشکەش بە پێشمەرگەکان کرد و هیوایان خواست کە لە تێکۆشانیان بەردەوام بن.





# پێشمەرگە هێمای خۆڕاگرییە

ئەندامـان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەدۆستانی کوردستان هەموو ساڵێک و لـە بەرەبەری ڕۆژ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و ئێران وەفاداری خۆیان بۆ ڕێبازی کوڕان و کچانی ئازادیخوازی گـەل پیشان دەدەن. ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو کوردستان سەرباری بوونی فـەزای میلیتاریزە و کەشی پۆلیسی یادی پێشمەرگەیان بەرز ڕاگرت. لێرەدا بەشێک لـەم چالاکییانـە دەخەینـە بـەر چاوی خوێنەرانی «کوردستان».

**بۆکان:**
ڕێکەوتـی ١٦ی سـەرماوەز، ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردستانی ئێران لـە بـۆکان بەبۆنـەی ڕێزگرتـن لـە ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکـرات و هەروەهـا ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستان لـە مەیدانی «حەسـەن زیرەک» ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد. لەو چالاکییەدا بە بەشداریی دەیـان کـەس لـە لاوان و تێکۆشـەرانی بۆکان، بۆ ماوەی ٢٠ خولەک وتەکانی مامۆستا «حەسـەن شێوەسـەڵی» بـە بڵیندگۆ بڵاو کرایەوە.
هەروەهـا لـە چالاکییەکـی دیکـەدا لـە بـۆکان، ئەندامان و تێکۆشـەرانی حیزبی دێموکـرات بـە نووسـینی دروشـم لەسـەر دیوار، پشتیوانییان لـە حیزبی دێموکرات و پێشـمەرگەی کوردستان کـرد. ئـەو شـوێنانەی چالاکییەکـەی لـێ بەڕێـوە چووبوو بریتین لە: «سێرێیانی شەهامەت، قوتابخانـەی کچـان، دەروازەی قەبـران، نەخۆشـخانەی سپای پاسداران، دیواری زینـدانی کۆنـی نێوشـار، قوتابخانـەی ئیسـتقلال، پـردی گـەورەی فەلەکـەی سەیفالی و قوتابخانەی میراوای کۆن».
لـە بـۆکان بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز لـە کەرێزە، میـراوا، پشـت پاسـگا، پارکـی سـاحلی، حسـار، جادەی حسـار، شـێخلەر، نزیـک شـێخلەر، مزگەوتـی میـراوا، فەلەکـەی مـادەر، ناوچـەی چۆمـی مەجیدخـان، ناوچـەی ئەحمەدی کـۆڕ، گونـدی حاجیاباتـی تەتەهـوو، کۆڵانەکانـی دەوروبـەری بێهداشـت، نانەوخانـەی سـارەبان زادە، دێهێـاری، مزگەوتـی ئاوایـی و فەلەکـەی نزیـک مزگـەوت، قوتابخانـەی ناوەندیـی ئەمیرکەبیر، قوتابخانەی سەرەتایی کەس نەزانی و مامە حەسەن قازی» چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چوو.
تێکۆشـەرانی دێموکـرات لـە بـۆکان بەبۆنـەی ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستانەوە چالاکییـان بەڕێـوە بـرد و ڕێزیـان لـە تێکۆشـانی بێوچانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردستان گـرت. ئـەو چالاکییانـە لـە گەڕەکەکانی دەوروبەری بلـواری سـەقز، سـەیرانگای کێـوەڕەش، پـردی سـاحیلی و باسـکۆڵی پاڵەوانـی بەڕێـوە چـووە و ئـاڵای کوردستانیان هـەڵ کـرد و دروشـمی تایبـەت بە ٢٦ی سەرماوەزیان بڵاو کردەوە.
هەروەهـا ئەندامانـی نهێنیـی حیزبـی دێموکـرات لـە بـۆکان بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز پەیامێکیـان بڵاو کردەوە و لەو پەیامـەدا پشـتیوانیی خۆیـان لـە هێـزی پێشمەرگە دووپات کردەوە.
لـە بۆکان ڕۆڵەکانی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی پێشـمەرگە لـە شـوێنەکانی وەک: «نەخۆشـخانەی کـۆن، ئەبووزەر، بلـواری محەممەد ڕەسـوڵەڵلا، شـەقامی کوشـتارگا، مزگەوتـی سـەلاحەدین ئەیووبی، کۆڵانەکانی پەخشـان، پارکی دانشـجوو، فەلەکـەی ئـازادگان، ئـاو و ئاوەڕۆی دێهات، بانکی ئەنسـار، بانکی سـپا، گونـدی کەرێـزەی مەحمووداوا کـۆڵان بە کـۆڵان، مزگەوتـی کەرێزەی بـۆکان، قوتابخانـەی کەرێـزە، میـراوا، شـەقامی تەرەغـە بەگشـتی، شـەقامی شـاهۆ، شەقامی پشت پاسگا، مزگەوتی حەزرەتی ئەبووبەکر، فەلەکەی ئالووبالوو و دەوروبـەری، شـەقامی ٢٠ میتـری، شـەقامی ئاگریـن، مزگەوتـی نەجاڕی، مزگەوتـی مێعـراج و ئاگرکوژێنـەوەی میراوا».
هەروەهـا لـە بـۆکان بـۆ زیاتـر لـە ٥٠٠ بنەماڵـەی میـراوای بـۆکان و نێوشـاری بـۆکان، بەتایبەتـی بنەماڵـەی شـەهیدان و زیندانییانـی سیاسـی، نوقـڵ و شـیرینی نێردراوە. هەروەهـا لە شـەقامی «کـۆن، پاسـاژی قـەڵا، مزگەوتـی جامیعـە، مزگەوتـی بـازاڕ و فەلەکـەی ئەسـکەندەری، شـیرینی لەنێـو خەڵکـدا بڵاو کراوەتەوە. لە بۆکان بەبۆنەی ٢٦ی سـەرماوز لـە: «کـوی محەممـەدی، مەجبورئـاوا، جادەی بەنـداو لـە شـاری بـۆکان، سێرێیانی خـاوەران، گەڕەکـی کوڵتەپـەی بـۆکان، کۆڵانەکانـی ناڵەشـکێنە، مەزاری مامۆسـتا زیرەک، کۆڵانەکانی شـەهامت و پشـت سـامان، شـەقامی وەرزش، کۆڵانەکانـی پشـت پۆمپـی بێنزینـی ئیلخانـی زادە، کۆڵانـی پشـت فەرمانـداری، کـووی بێهـداری، شـەقامی ٥٥، شـەقامی سـەردار، بلـواری قاسـملو، دەوروبـەری تـالاری مـۆزگان، تێرمیناڵـی گـەورەی شـار، پۆمپـی گازی شـارەوانی، ئیسـتەخر و سـۆنای ئابشـار، شـەقامی سـەقز، کوچەکانـی دیمەنـی ٢١ و ٢٢ و زۆربـەی شـوێنەکانی شـار» چالاکیی تەبیلغی بەڕێوە چوو.

**گوندی نییەر:**
لـە گونـدی «نییـەر» بەبۆنـەی ڕۆژی پێشـمەرگە ئـاڵای کوردستان هـەڵ کرا و دروشـم لـە ەر دیوارەکانـی ئـەو گونـدە نووسرا.

**گوندی تەنگیسەر:**
لـە گونـدی تەنگیسـەر بەبۆنـەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیـی تەبلیغـی بەڕێـوە چـوو، ئـەو شـوێنانەی چالاکیـی لـێ کـراوە بریتییـە لـە: «کتێبخانـەی مامۆسـتا قانع، قوتابخانـەی دەورەی سـەرەتایی و ناوەنـدی، تەعمیرگاکان ، دووکانـەکان، کۆڵانـەکان، مزگەوتـی جامیـع و مزگەوتی حەزرەتی عومەر».

**شوێشە:**
لە شـاری شوێشـە و ناوچەی کەڵاتەرزان لـە «بلواری قاسـملو، کۆڵانـەکان، نێو ماڵەکانی شوێشـە، گوندەکانی ناوچەی کەڵاتـەرزان، تەوار، خرۆسـە، عەلی ئاوا، کەڵاتێ، جادەی سنە بۆ مەریوان، جادەی شوێشـە بـۆ نـەگڵ و هەروەهـا گونـدی نجێ سـەر بە ژاوەرۆی سـنە» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

**شنۆ:**
لـە شـنۆ لـە شارۆچکەی نەڵـۆس، گوندەکانی باب خـاڵاوێ و چەپەراوێ، دەشـتەبێڵ، سـێرێیانی کانـی سـپی، سـەیرانگای عەینـە ڕۆم، ڕێـگای شـنۆ بـۆ ورمـێ چالاکیـی تەبلیغـی بەڕێـوە چوو، هەروەها لە سینگان تەقەی خۆشی کراوە.

**ورمێ:**
لـە ورمێ زێدی ڕۆڵەکانی «ئەمیرخانی لەپ زێڕیـن» بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز تێکۆشـەرانی دێموکـرات وێـڕای ناردنی پەیامـی پیرۆزبایی ئـەو ڕۆژە، پەیمانیان نـوێ کـردەوە هەتـا دواسـاتەکانی ژیـان وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان دەبن.

**سەقز:**
شـەوی دووشـەممە لەسـەر سێشـەممە، ڕێکەوتـی ١٧ لەسـەر ١٨ی سـەرماوەز، پێشمەرگەکانی شار لە سـەقز بەبۆنەی ٢٦ سـەرماوەز ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتان، لـە چالاکییەکـی بوێرانـەدا ئـاڵای پیـرۆزی کوردستانیان لەسـەر پردی« کەوەسـەوار» هەڵ کرد. هەروەها دوو پلاکاردی گـەورەی پیرۆزباییان لەسەر پردی هەوایـی «سـیلۆ و پردی «حەماڵ ئـاوا» هەڵ کرد. ئەو شـوێنانەی کە ئەم چالاکییـەی تێدا کراوە چەند شـوێنی زۆر قەرەباڵغـی نێـو شـارن و ئەمنییەتین و بە سـەدان ماشـین و خەڵـک لە کاتژمێرێکدا چاویـان پێـی دەکەوێـت. ئـەم چالاکییانە لـە کاتێکدا بەڕێوە چـووە کە جگە لەوەی خەڵـک بـە چـاوی خۆیـان چالاکیـی هاوڕێیانیـان دەدی، شـاری سـەقزیش بـە تـەواوی میلیتاریـزە کرابـوو و هێزەکانی ڕێژیم بە جلوبەرگی نیزامی و مەدەنییەوە شاریان میلیتاریزە کردبوو.
لەلایەکـی دیکەشـەوە پێشـمەرگەکانی شار لە سـەقز، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتان، سـەردانی گڵکـۆی دوو شـەهیدی حیزبی دێموکراتیـان کـرد و پەیمانـی وەفـاداری بـە ڕێبـازی شـەهیدانیان دووپـات کردەوە.
هەروەها هاوڕێیانی حیزبی وێڕای پەیمان نوێکردنـەوە لەگـەڵ ڕێبـازی شـەهیدان، ئاڵای کوردستان و پلاکاردی پیرۆزبایی ٢٦ی سەرماوەزیان هەڵ کرد.
هـەر بـەم بۆنـەوە لە: «گەردەنـەی سـەرا، بەینـی سـەقز و بـۆکان، گەڕەکەکانـی حەماڵاوای سـەرۆ، شـەهرەکی موکریان، حەماڵاوای خوارۆ، شەهرەکی کوردستان، گەڕەکی عەباسـاوا، شـەهرەکی ئەنسار، شـەهرەکی زاگـرۆس و گەڕەکـی تازاوا، ئیستگای پاس وچەندین ناوچەی دەوری شار» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.
کۆمەڵێـک لـە زیندانییانـی زیندانـی ناوەندیـی شـاری سـەقز بەبۆنـەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە زیندانی ئەو شارە ڕێزیان لە پێشـمەرگەی کوردستان گـرت. لـە زینـدانی ناوەندیـی سـەقز کۆمەڵێک لە زیندانیان بەبۆنەی ڕۆژی پێشـمەرگەوە چالاکییـان بەڕێـوە بـردووە و ئـەو ڕۆژەیـان پیـروز کـرد. هـاوکات زیندانیان وێنەی دوکتور «قاسـملوو»یان لەگـەڵ دروشـمی تایبـەت بـە ٢٦ی سەرماوز لە ناو زینداندا بڵاو کردووەتەوە.

**پیرانشار:**
لـە پیرانشـار لـە «گونـدی نەمنجـێ، گردیم خانێ و بادیناوێ» ڕێز لە ڕۆژی پێشـمەرگە گیرا. هەروەها تێکۆشەردانی دێموکـرات لە: «قوتابخانـەی حەجاجی، قوتابخانـەی مامۆسـتا هەژار، مزگەوتی حەزرەتـی ئیبراهیـم، قوتابخانـەی حەجاجی، قوتابخانەی مامۆسـتا هەژار، مزگەوتـی حەزرەتی ئیبراهیم، سێرێیانی فەرهەنـگ، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، قوتابخانـەی شـور، گوندەکانی بێکۆس، کانـی ئەشـکەوت، کەوپەڕ، نێوان قەبری حوسـێن، زێوە، کۆنەلاجان و کاسوورەدێ، جـادەی سـەردەشـت قوتابخانـەی شـەوانەڕۆژی، پشـت دادگوسـتەری و شـەقامی بەهەشـتی، سێرێیانی فەرهەنـگ، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، قوتابخانـەی شـور، گوندەکانی بێکۆس، کانـی ئەشـکەوت، کەوپەڕ، نێوان قەبری حوسـێن، زێوە، کۆنەلاجان و کاسوورەدێ، جـادەی سـەردەشـت قوتابخانـەی شـەوانەڕۆژی، پشـت دادگوسـتەری و شـەقامی بەهەشـتی» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**سنە:**
ئەندامانـی دڵسـۆزی حیزبـی دێموکرات بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە گونـدی مێراوی ناوچەی ژاوەرۆی سـنە و نـاو شـاری سـنە چالاکیـی بەڕێـووە چـووە. هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شـاری سنەی خوێنای و مەڵبەندی تێکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستانەوە لـە کێـوی «ئاویـەر» و کوچکـەڕەش چالاکیـی تەبلیغییـان بەڕێـوە بـرد و وەک پێشـمەرگەی نێـو شـار ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبـی دەربـڕی. لـە سـنەی خوێنـاوی ئەندامـان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز لـە زۆربـەی گەڕەک، کۆڵان و شـەقامی نێو شـاردا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەروەها لە ژاوەرۆ لە گوندی «شیان» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.
ئەندامانی دڵسـۆز و تێکۆشـەری حیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێـران بەبۆنەی ٢٦ی سـەرماوەز ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستان، لە ناوچەی لەیلاخ و شـاری دێولان سـەر بە شارستانی سنەی قارەمان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئـەو شـوێنانەی چالاکیـی تێدا کـراوە بریتیـن لـە: «گونـدی میـراوای لەیلاخ، ڕمشت، هەواریان، قادرمرز، شاجۆ، سادق ئاوا، باشماق، جوامێر ئاوا، موارەک ئاوا، نێوشـاری دێـولان، مەیدانـی موعەلیم، پارکـی سیاحەتیی لالـە، دەوروبـەری ئیـدارەی ئیتلاعاتـی سپای پاسدارانی دێـولان، بلـواری مەولەویـی کـورد، شـەقامی حرفەیـی، گەڕەکـی قەدیمیی دێولان».

**مەهاباد:**
لە مەهاباد بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە لە نێو شاری مەهاباد، لە چەند گەڕەکێکی نێـو شـارلە گوندەکانـی قەرەشـڵاخ، خۆرخـۆڕ، گـردی یاقـووب، کۆنـەدێ و داشخانەی ناوچەی شـارویران هەروەها فەرهەنگیان و توانیر و چالاکی کراوە.
هەروەهـا تێکۆشـەرانی دێموکـرات لـە گوندی «دۆسـتاڵی» سـەر بـە ناوچەی «محاڵـی» مەهابـاد بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز کارو چالاکـی کـراوە. لـەو چالاکییـەدا تێکۆشـەرانی دێموکـرات دروشـمی تایبـەت بە ٢٦ی سـەرماوەزیان لـە دیـوارەکان نووسـیوە. لەلایەکـی تـرەوە لـە مەهابـاد ئەویندارانـی ڕێبـازی دێموکـرات لە بەرەبەری ٢٦ی سـەرماوەز لە شـوێنەکانی «بەهارستان، قەسابخانە، مەیدانی مەلاجامی، شەقامی ئاشی مام ئەحمـەدی، مەیدانـی تەرەبـار، پارکـی خەبەرنیـگار، سـەنجانئاوا، فەرهەنگیـان، دەوروپشـتی نەخۆشخانەی کۆن، شەقام و کەمەربەندیی محەممەد قازی، بەنداوی مەهابـاد، کێـوی خەزایـی و گونـدی لـەج، تەپەی قـازی، دۆڵی کەروێشـکە، ئیـران پەیمـا، کوچـەی بەهمـەن، باغـی سیسـە و شـەهرەکی کارمەنـدان» بـە چالاکیـی تەبلیغیـی ئـەو ڕۆژیـان پیـرۆز کـرد. لە مەهاباد شۆڕەسـوارانی دێموکرات بەبۆنـەی ڕۆژی پێشـمەرگە بە بڵاوکردنەوەی تراکت، پوستێر، وێنە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ئەو ڕۆژیان بـەرز ڕاگرت. لە گوندەکانی «گابازەڵە، کێـچ ئـاوا، حاجـی خـۆش، بەفـرەوان، گۆگتەپە، ئیندرقاش، قوم قەڵا، قولەسەن و دریاز» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.
لـە گونـدی «دریاز» سـەرەڕای ئەوەیکە پایـگای چڵکاوخۆرەکانـی لێیـە بـەڵام تێکۆشـەرانی دێموکـرات بـە شـێوەیەکی بەریـن چالاکییـان بەڕێـوە بـرد. هەروەهـا هەڕەشـەیان لـە جـاش و بەکرێگیـراوان کردووە کە واز لە سەرشۆڕی بێنن.

**نەغەدە:**
لـە نەغـەدە ڕێبورانی ڕێگای شـەهیدان، ڕێکەوتـی ٢١ لەسـەر ٢٢ی سـەرماوەز بـۆ چەندەمیـن جـار و بەبۆنـەی ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتان چالاکیـی تەبلیغییـان بەڕێـوە بـرد. ئـەم چالاکییانە لەنێـو شـار و لـە گەڕەکەکانـی «دەوروبـەری نمـای ٥٣ هێکتـاری، قوتابخانـەی بەرەکـەت، شـەقامی ئیمـام شـافعی ١، گەڕەکەکانـی ئـازەری نشـین، کۆڵانەکانـی ئاموزشـگای دێهقـان، کۆڵانەکانـی قوتابخانـەی ئـازادی، کۆڵانەکانـی قوتابخانـەی ئێرشـاد، مەیدانـی کاویـان، مزگەوتـی حاجـی عەزیز، کۆڵانـی دوکتور لوتفی، گەڕەکـی تـالاری نـەورۆز، فەلەکـەی محەممەد هـەوراز، قوتابخانەی ڕەجایی، مەیدانـی سـیگاران، کۆڵانـی سـەید عەبدوڵـڵا کەماڵی، گڵکـۆی محەممەد هـەوراز و دەوروبـەری، سـوڵتان یاقـووب و حـەوت کانـی، گەڕەکـی کاویـان و فەلەکـەی نەمـاز» بە شـێوەیەکی بەرین بەڕێـوە چـووە. هەروەهـا ئـەم چالاکییانە لـە «سـێرێیانی محەممەدیـار و هەروەها گونـدی گۆلـێ» بـە شـێوەی تراکـت و دروشـم لەسـەر دیـوار بەڕێوە چـووە. هەر لەمبارەوە و هەمان ڕێکەوت تێکۆشەرانی دێموکـرات لـە گوندەکانـی «قەڵاتـان، دەشـتی قورێ، کانی بوداغ، کانی مەلا، خورینـج، لـک بـن و گەرگـول دیـلان چـەرخ، کەرێـزە، ئارنـێ و دەربەنـد» بەم بۆنەوە پشتیوانییان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕیوە.

**مەریوان:**
لە مەریوانی دوازدە سوارەوە، تێکۆشەرانی دێموکـرات بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز چالاکییـان بەڕێـوە بـرد. چالاکییـەکان لـە مزگەوتـی جامیعـەی مووسـک، گەڕەکەکانـی مووسـکی ٢، بـەری پادگانـی ئەرتـش، ناوەندی تەندروسـتیی ژمـارە چـوار، زرێبـار، هۆتێـل زرێبـار و قوتابخانـەی گونـدی مووسـک، سـەر تەپەی مووسـک، نێو گوندی مووسک و گوندی نێ» بەڕێوە چووە. بەشێک لەو دروشـمانە لەلایەن ڕێژیمەوە سـڕدراوەتەوە. هەروەها جاش و بەکرێگیراوەکان بەتوندی بـە شـوێن ڕۆڵەکانی دێموکراتـەوە بوونە. لـە گونـدی بۆڕیـەر سـەر بـە شـاری مەریـوان، ئەندامـان و لایەنگرانی حیزبی دێموکـرات بەبۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییـان بەڕێـوە بـرد و پشـتیوانییان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی.

**کرماشان:**
ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری کرماشان بـە بۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز لـە چیـا سەرکەشـەکانی ئـەو شـارە بـە دروشـم و پـلاکارد ئـەو ڕۆژیـان لـە خەڵکـی کوردستان پیرۆز کرد.

**لوڕستان:**
قارەمانانـی ڕێبـازی «پێشـەوا» لـە لوڕسـتان بەبۆنـەی هاتنـی ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە «بروجێرد» سەرەوەی زانکۆی ئەو شارە و هەروەها لە خورەمئاوا لە مەیدانی «ئیمام حوسێن» و «منـارەی ئاجـۆری» و هەروەهـا لـە گەڕەکەکانی «حوسێن ئاباد، بام شەهری خورەم ئاباد و قەڵای فەلەکولئەفلاک» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**تاران:**
لـە تـاران پێتەختی ڕێژیمی ئێران تراکت و پوسـتێری تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە بڵاو کراوەتەوە.


ئـەم چالاکییانـە هەروەهـا لـە شـار و گوندەکانـی ئەنبـێ، ئیسـلام ئاباد و بادکـی، گونـدی ئەنبێ، ئیسـلام ئاباد و بادکی، مێراوی ناوچەی ژاوەرۆی سـنە، شنۆ، پاوە، جوانڕۆ، کامیاران









## درێژەی پەیڤ

پاریـس و دیپلۆماتەکانـی ئاڵمـان شـارەزا بـوو و هـەم لـە زمانـی جوتیـار و کرێکار و کاسـبکاری کـورد و سـەربازی تـورک و ئەفسـەری فـارس و وەزیـری عەرەب و دەیان و سەدان گرووپ و توێژی دیکەی کۆمەڵگاکان و بەهەموو ئەو زمانانە نەک شـتی جیـاوازی نەدەگـوت، بەڵکـوو لـە هەموویانـدا بـەدوای یـەک ڕەگ و یـەک ڕێـگای بـەرەو بەختـەوەری و ئـازادی و دادپەروەریـی کوردسـتان و سـەروەریی نەتەوەی کورد دەگەڕا.
ئـەوەی ڕۆڵـەی لەدایکبـووی شـەوی یەلـدا، بونیاتـی نـا، ئێسـتا مەکتەبێکـی بەرز و بەرفراوان بە بەرینایی کوردستانە و سـەرچاوەی هێزگرتـن و هزرینـە بـۆ ڕۆڵەکانـی ئـەم نیشـتمانە کـە دەیانهەوێ ئازاد، سەربەسـت و یەکسان لەسەر خاکی خۆیان بە سەروەرییەوە بژین.
یەلداتان پیرۆز.

# پەیامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە



هاونیشتمانییانی بەڕێز!
خەڵکی تێکۆشەر و پێشمەرگەپەروەری کوردستان!
پێشمەرگە قارەمانەکان!

**٢٦ی سەرماوەزتان لێ پیرۆز بێت**

ڕۆژی **٢٦**ی سەرماوەز، بۆنەیەکی پیرۆز و هێمایەکی هەمیشەییە بۆ سەرجەم ئەو ڕۆڵە تێکۆشەر و بەبیروباوەڕانەی گەلەکەمان کە بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئامادەی مەیدانی خەبات و بەرگرین.

ئەو تێکۆشەرانەی کە بیر و هزری پێشکەوتنخوازانەیان لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیدایە و نەسڵ لە دوای نەسڵ، گیانی خۆیان بەختی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی نیشتمان کردووە. ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ئاماژەیە بە هێزێکی لەبڕان نەهاتوو کە بە وشیاری و باوەڕەوە، سەنگەرەکانی خەبات و تێکۆشان و بەرگرییان ئاوەدان کردووەتەوە.

ئەم هێزە، لە ناخی کۆمەڵگای کوردستانەوە دەرسکێ و ئیرادەی هەمیشەیی و ویستی ئازادیخوازی پاڵنەریەتی تاکوو لێبڕاوانە پاڵپشتیی بەرەی ڕزگاریی نەتەوەکەی بێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەم ڕۆژە ئاماژەیە بۆ هاوخەباتیی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە ڕێڕەوی سەربەستی هەڵدەبژێرن و لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و بە لێکگرێدانی هێز و توانای خۆیان، ئاسۆی ڕوونی نیشتمان وێنا دەکەن. لەم ڕووەوە ئاستەمە کە بتوانرێت ڕیزی گەل و ڕیزی پێشمەرگە لێک جیا بکرێتەوە و ئەوەی پڕ ئاشکرایە خەباتی نەسڵ بە نەسڵ و ناوچە بە ناوچەی کوردستانە کە مانای هاوخەباتی و هاوچارەنووسی دەگەیەنێت، سەرکەوتن و دەستکەوتەکان دەستەبەر دەکات.

هەر وەک دەزانین ناوی بەرز و پیرۆزی پێشمەرگە مێژوویەکی دێرینی هەیە و ناودێرکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆماری میللی-دێموکراتیکی کوردستان و وەک میراتێکی پێشەوای کوردان و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی، پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێستا ماوەتەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم ناوە وەک هێمایەکی نەتەوەیی لای حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش ڕێزی لێ گیراوە و هێزەکانیان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناساندووە. لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، دوای ئەوەی کە شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی کورد لە شاری مەهاباد، هێرشیان کردە سەر دوایین بنکە سەربازییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لەم شارە کە وەک هێما و ئاسەواری زوڵم و سەرکوت و داگیرکاری دەناسرایەوە، گەراکانی دامەزرانی سوپایەکی میللی دادەنرێت و بەو کەسانەش کە ئەندامی ئەم سوپایە دەبن، وەک تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و لە خۆبردووانە، ناوی پێشمەرگەیان لەسەر دادەنرێت.هەر لەم ڕۆژەشدا بوو کە ئاڵای کوردستانیش بۆ یەکەمین جار لەم شارە هەڵ کرا.

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی ئازادیخواز، بەرگریکار و بە پڕەنسیپ دەناسرێت کە لە بەرەی دژە تێرۆر و دژ بە ستەم و تاریکی سەنگەری گرتووە.**
**هەر بۆیە بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەرەنگاری سەرچاوەکانی ئەم دیاردانە ببێتەوە**

دواتر ساڵی **١٣٦٣**لە پلێنۆمی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵبژێرداوی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەری و شانازییەکانی هێزی پێشمەرگە، ڕۆژی **٢٦**ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری و پەسەند کرا. ئەم بڕیارە ئەگەرچی نوقتە گۆڕانێکە لە پێناسە و مێژووی پڕ لە شانازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام هەڵگری پەیامێکی فرەڕەهەندە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ دەکەم:

**ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی مێژوویی خۆمان، پێمان وایە کە هاوکات لە گەڵ حوزووری مەیدانی و چەکداری، دەبێ حوزووری «گوتاری»شمان هەبێت و بە زەروورەتێکی مێژوویی دەزانین کە ئەرکی خەبات لەسەر شانی پێشمەرگە هاوتەریب بێت لەگەڵ هەستێکی گشتیتر و بەتینتر لای سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان و لایەنە خەباتکارەکانی دیکەی کوردستان**

یەکەم، ناودێرکردنی هێزی شۆڕشگێڕی کورد بە هێزی پێشمەرگە کە بریتییە لە هەزاران هەزار تاکی بەبیروباوەڕ و خۆنەویست کە بە چەکی دەست و بیری کراوە و وشیاریی تەواوە، پەیوەستی سەنگەری پێشەوەی خەبات و بەرەنگاری دەبن، بەرزنرخاندنی مێژووی پڕ لە سەروەری و شانازیی ئەم هێزەیە لە سەردەمانی کۆماری کوردستان و بەردەوام بوونیان لە خەبات تا دەگاتە قۆناغی مێژوویی ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی **٤٧-٤٦**ی هەتاوی و پاشان ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و خۆڕاگریی کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی. ئەوەش وەبیر بێنینەوە ئەگەر کوردستان بە سەنگەری ئازادی و بەرخۆدان دەناسرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی و ئازایەتی و گیانفیدایی هێزی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی بەرگری و بەگژداچوونەوەی هێزی داگیرکەر.

**وێژمانی ڕاسان بە پێداگری لەسەر ڕۆڵی پێشمەرگە، دامەزران و ڕاهێنانی هێزێکی وەها تۆکمە بە ئەرکی نەتەوەیی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت و لەم پێناوەشدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بە پەروەردەی سەردەمیانە و هێمای تایبەت بە خۆی هاتە ئاراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر و بەربڵاوتر دەبێت**

دووەم، ناودێرکردنی وەها ڕۆژێک دەکرێت لە دەلاقەی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بە کورتی نەتەوەیەک کە بە دوور لە دەمارگرژی و بەرژەوەندی و بیری تەسک، وێنای هێزێکی نیشتمانی و تۆکمە و یەکگرتووە بکات، لە واقع بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی نزیک دەبێتەوە، هێزێک کە لە هەر دوو قۆناغی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە و دەستەبەری دەستکەوت و سەرکەوتنەکان دەکات و دەتوانێت لە هاوسەنگکردنی تەنانەت هاوکێشە سیاسییەکانیشدا دەوری ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت.

سێهەم، ناودێرکردنی هێزی چەکدار و شۆڕشگێڕی کورد بە هێزی پێشمەرگە، ڕوانگەیەکە بەرەو داهاتوو و دواڕۆژی خەباتەکەمان.

گومان لەوەدا نییە کە یەکخستن و ڕێکخستنی هێزێکی یەکگرتوو و نەتەوەیی، دەلاقەیەک لە هیوا و وزە بەرەو ڕووی ڕۆژهەڵات دەکاتەوە و ئیرادەیەکی پتەوتری سیاسی و نیشتمانیی بەدوای خۆیدا دێنێت و لە خەباتێکی یەکگرتووتر نزیکمان دەکاتەوە.

چوارەم، لە هەمووی گرینگتر، ناودێرکردنی شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی کورد بە ناوی «پێشمەرگەی کوردستان» تێڕوانین و سەرنجمان بەرەو پرسێکی هەستیار و ستراتژیک ڕادەکێشێت، ئەویش بریتییە لە پرسی خاک و سەروەریی کوردستان کە پێشمەرگە خۆی بە پارێزەری دەزانێت و لێی بەرپرسیارە. بە واتایەکی دیکە، لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە دەڕوانێتە پرسی سەروەری و لە بەرانبەر داگیرکەردا خاوەن کردار و گوتاری نەتەوەییە. هەر بۆیەش خاکی کوردستان، بە سەنگەری بەرگری و شانازییەکانی خۆی دەزانێت. دیوێکی دیکەی ئەم گوتارە نەتەوەییە، باوەڕ بە پڕەنسیپە نەگۆڕەکانی ئازادی و دێموکراسی و بەهاکانی سەردەمە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی ئازادیخواز، بەرگریکار و بە پڕەنسیپ دەناسرێت کە لە بەرەی دژە تێرۆر و دژ بە ستەم و تاریکی سەنگەری گرتووە. هەر بۆیە بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەرەنگاری سەرچاوەکانی ئەم دیاردانە ببێتەوە.

بە دەر لە ئاماژە مێژووییەکەی کە لە سەرەتادا باس کرا، هەموو ڕۆژێک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەگەرچی باسکردنی شانازییەکانی پێشمەرگە شانازییەکە بۆ هەموومان، بەڵام بۆ گێڕانەوە و وەبیرهێنانەوەی ئەم شانازییانە دەبێ سەرنج بخەینە سەر ئێستا و ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە. زمانی گێڕانەوەی فیداکاری و لەخۆبردوویی و خۆنەویستی پێشمەرگە لای شاخە سەرکەشەکانی کوردستانە، لای زیندان و ئەشکەنجەکاگانە، لای کەمئەندامانە، لای دایکی شەهیدانە، لای بنەماڵەی سەربەرزی تێکۆشەرانی دوورە وڵاتە، لای دەقی شێعرە، لای ئەدەبی بەرگرییە، لای جامانەکانە، لای سەربازە ونەکانی نیشتمانە، لای گۆڕی شەهیدانە و... هتد. لە ڕاستیدا کات و ساتەکان هەموو کات بۆ پێشمەرگەیە.

ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی مێژوویی خۆمان، پێمان وایە کە هاوکات لە گەڵ حوزووری مەیدانی و چەکداری، دەبێ حوزووری «گوتاری»شمان هەبێت و بە زەروورەتێکی مێژوویی دەزانین کە ئەرکی خەبات لەسەر شانی پێشمەرگە هاوتەریب بێت لەگەڵ هەستێکی گشتیتر و بەتینتر لای سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان و لایەنە خەباتکارەکانی دیکەی کوردستان. هەر وەک چۆن لە دەقی خەباتی فرەڕەهەندی ڕاسانی ڕۆژهەڵات پێداگریی لەسەر دەکرێتەوە، داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان گرێدراوی بەهێزبوونی ڕۆژهەڵاتێکی بەهێزە کە یەک لەوان پێکهاتن و ئامادەیی هێزێکی کوردستانییە بە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە.

وێژمانی ڕاسان بە پێداگری لەسەر ڕۆڵی پێشمەرگە، دامەزران و ڕاهێنانی هێزێکی وەها تۆکمە بە ئەرکی نەتەوەیی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت و لەم پێناوەشدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بە پەروەردەی سەردەمیانە و هێمای تایبەت بە خۆی هاتە ئاراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر و بەربڵاوتر دەبێت.

لاوانی تینووی ئازادی و ژیانی سەربەرزانە بە پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وێڕای درێژەدان بە خەباتی نەپساوەی گەلی کورد، بە گیانی خۆیان پەیمان و بەڵێنیی درێژەپێدان بە ڕێگای شەهیدانی ڕێگای سەربەستی و ڕزگاریی کوردستان نوێ دەکەنەوە و خۆیان بە پارێزەری خاک و سەروەریی گەل و نیشتمان دەزانن. لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و لە سەنگەری ئاوەدانی خەباتەوە ڕایدەگەیەنین کە ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەردەم ئامادەی مەیدانی خەبات و بەرگرین و بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانمان ئامادەین.

سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو ئازادیخوازان و گەلانی ستەملێکراوی کردووەتە ئامانج و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەی خستووەتە پێناوی ئەم سیستمە سەرکوتە لە دەرەوەی سنوورەکانیش. لە وەها دۆخێکدا گرینگیدان بە فاکتەری ناوخۆیی و هێزی خەڵک، پێویستییەکی مێژووییە و دەخوازێت بە هەر شێوەیەک بووە ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە دژی ئەم ڕێژیمە بێتە ئاراوە. لە کاتێکدا تێچووی گیانی گەلانی ژێر ستەم تا دێت بەهۆی ڕێژیمەوە هەڵدەکشێت، ڕەنگە تێچووی ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوە بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە کەمتر بێت، بە تایبەتی کە ئەگەر سەرنجی زیان و تێچوو و کاولکارییەکانی ئەم ڕێژیمە بدەین کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەم وڵاتە بەجێی هێشتووە. لەم پێناوەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی بە پشتیوانی هەر جۆرە ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەیەک دەزانێت کە بنەما و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە بکاتە ئامانج.

**سەرکەوتن بۆ خەباتی مافخوازانەی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک و فێدراڵ**
**سڵاو لە هێزی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و قارەمانانی نێو سەنگەری خەبات**
**ڕێز و کڕنۆش بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی**
**بڕووخێت ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی**
**سڵاو لە ئیرادەی ڕۆژهەڵاتی پێشمەرگە پەروەر**
**سەرکەوێ ڕاسانی ڕۆژهەڵات**

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**کاوە بەهرامی**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە میللی و نیشتمانییەکان و شوێنی ئەوان لە یاسای نێونەتەوەییدا

## بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی ڕێزگرتن لەو تێکۆشەرانەی بەشێک یان چەند بەش لە وجودی خۆیان لە خەباتدا لەدەست داوە

ئیبراهیم لاجانی

**پێناسە:**
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللی و نیشتیمانی wars of national liberation بزووتنەوەیەکی گەلی و جەماوەری بەرینە کە بۆ ڕزگاری میللەتێک، گەلێک یان خەڵکێک، لە ژێر ستەم و دەسەڵاتداریەتی و سوڵتەی بێگانە، یا بۆ ئازادی و ڕزگاری لە ژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە و سەرکوت و زەبروزەنگ و هەڵاواردن و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و ئیتنیکی و مەزهەبی و ئاپارتایدا خەبات دەکات.
لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، لە زۆربەی ئەو وڵاتانە کە سوپای ئاڵمانیای نازی داگیری کردبوون، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی، واتە جوڵانەوەی بەرگریی و مقاوەمەتی میللی و نیشتمانی سەریان هەڵدا. ئامانجی ئەو بزووتنەوانە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی نیشتمان و گەل لەژێر سوڵتەی فاشیزم و نازیزم. بزووتنەوەی بەرگری نیشتمانی نۆروێژ Norsk motstand mot okkupasjonsmakten و فەڕانسە، دەکرێ وەک دوو نموونەی ڕێفێڕانسە بۆ تەئیدی ئەو قسەیەمان بێنینەوە.
هەر لەو سەروبەندەدا، لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا، بە دەیان و سەدان بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی بۆ ڕزگاری لە سوڵتەی کۆلۆنیالیزم سەریان هەڵدا. لە دەیەی یەکەمی دوای شەڕدا ئەو بزووتنەوانە هێندە بەهێز بوون کە لە ڕاستیدا سیمای سیاسی دونیایان گۆڕی و بوون بە پاڕامێترێکی کاریگەر لەسەر سیاسەتی جیهانی. لە ماوەیەکی کەمدا بە دەیان گەل ئازادی و ڕزگاری خۆیان وەدەستهێنا و بوونە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، بزووتنەوەی ئازایخوازانەی گەلانی ناوچە، هەر لەژێر شوێنەواری ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکاندا، پەرەی ئەستاند.
لەو کۆنتێکستەدایە، کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد گەشە دەکا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەمەزرێ و ئاڵای خەباتی ئازادیخوازانەی میللی و نیشتمانی کوردستان هەڵدەدا و دەبێتە سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهام بۆ گەشەی بزووتنەوەی کوردستان لە هەموو ناوچەکەدا و پاشان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان، ئەو خەباتە دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی و بەو ئامانجە دەگات کە کورد لەمێژ بوو خەباتی بۆ دەکرد واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس.
لە سەردەمی ئێستادا نموونەی هەرەزیندووی ئەو بزووتنەوانە بریتین لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین، باسک، کاتالۆنیا، سکۆتلەند و کوردستان و هتد.
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی کوردستان، کە بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، ڕزگاری لە ستەم و سەرکوت و زەبروزەنگ و هەڵاواردن و جیاوازیدانانی ئیتنیکی و سیاسی ڕەگەزپەرستانە، خەبات دەکات، بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلی کورد لەسەر نیشتمانی هەزاران ساڵەی باب و باپیرانی خۆی خەبات دەکات، بەدژی ئەو بێ مافی و مەینەتبەشی و دواکەوتوویە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییە،کە بەسەر کوردا لە ئاکامی سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازیدانانی ڕەگەزپەرستانە و ئاپارتایدی هەمەلایەنە سەپاوە، خەبات دەکا، دەچێتە چوارچێوەی ئەو کاتەگۆرییەوە کە لە ئەدەبیات و تێرمینۆلۆژی حقووقی نێونەتەوەییدا بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللی و نیشتمانی لە قەڵەم دەدرێ.
بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ماتۆڕ و دینامیزمی زۆربەی هەرەزۆری ئەو بزووتنەوانە بریتییە لە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری و هەوڵ و خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی.

چ لە ڕابردوودا و چ لە هەلومەرجی ئێستادا، ڕێژیمە دژی گەلی و دیکتاتۆرییەکان، ڕێژیمە سەرکوتکەر و ڕەگەزپەرستەکان، دەوڵەتە ئیستعمارییەکان، حکومەتە ئیستبدادی و سەرەڕۆکان، هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن، ئەو بزووتنەوانە بە تیرۆریستی و بزووتنەوەی جیاوازیخوازی دانێن. ئامانجی ئەوان ئەوەیە مەشروعیەتی ئەو بزووتنەوانە بێننە ژێر پرسیار. بەداخەوە بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە، ئیمکاناتێکی زۆری سیاسی و مادی و دیپلۆماسی و تەبلیغاتییان لەبەر دەستدایە. ئەوان بۆ تەوجیهی ئەو ئیدیعایەی خۆیان دەڵێن ئەو بزووتنەوانە چەک و توندوتیژی و زۆر وەک مێتۆدی کار بەکاردەبەن.
لەڕاستیدا ئەو بزووتنەوانە لە بنەڕەتڕا، بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگی و کولتوری و ئەخلاقی و عەداڵەتخوازانەن، کە بەدژی ئیستیعمار، نابەرامبەریی و زووڵم و ستەم و هەڵاواردن و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و ئاپارتاید، یا بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی میللەت بەدەستی خۆی، یان بەدژی زوڵم و ستەمی سیاسی و ڕەگەزپەرسانەی ڕێژیمە دژی گەلییەکان خەبات دەکەن. ڕێژیمە دژی گەلییەکان، حکومەتە ڕەگەزپەرستەکان، دەوڵەتە داگیرکەر و سەرەڕۆکان بۆ سەرکوتی ئەوان لە هەموو دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی و پۆلیسیی خۆیان لە هەموو مێتۆدەکانی سەرکوت و زەبروزەنگ و تەنانەت ئەنفال و ژینۆسایدیش کەڵک وەردەگرن؛ بۆیە زۆرجار ئەو گەلانە ناچارن بۆ بەرگری لە مان و مەوجودیەتی خۆیان، دەست بۆ چەکی بەرگری ببەن. قسەیەکی دوکتور قاسملووم قەت لە بیر ناچێ کە دەیگووت: «خەباتی چەکداری پلەی هەرەبەرزی خەباتی سیاسییە».
لەباری سیاسی و پراکتیکییەوە ئێستا لەمێژە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان، وەک ئەکتەری سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ناسراون. ئورووپاییەکان کە خۆیان پێشینەی خەباتی بەرگریی دژی فاشیزم و نازیزمیان هەیە، بەئاسانی لە حەقانیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بندەست تێدەگەن کە بۆ ڕزگاری خەبات دەکەن بۆیە بەرگری چەکدارانەی میللی بە تیرۆریزم دانانێن. دیارە هەندێک جار حوب و بوغزی سیاسی لەو نێوەدا دەور دەبینێ.
ئاخر بەرگری و خەبات بەدژی سەرکوت و ئیستبدادی سیاسی، بە دژی جیاوازیدانانی ڕەگەزی و ئیتنیکی و مەزهەبی و قەومی و نەتەوەیی، زۆر جار شکڵی توندوتیژ بەخۆیەوە دەگرێ. بەتایبەتی کاتێک مان و مەوجودیەت و کولتور و زمان و دابونەریت و شوناسی گەلێک دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی توانەوە، بەرگری ڕەوا تەنیا ڕێگایەکە بۆ بەربەرەکانی و مانەوە و نەجات پەیداکردن.
یاسای نێونەتەوەیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بەڕەسمی دەناسێ. هەموو ئەو بزووتنەوانە لەژێر کاتەگۆریی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا جێ دەکاتەوە. بزووتنەوە میللی و دێموکراتیکەکانیش هەر دەچنە ئەو چوارچێوەوە.
یاسای نێونەتەوەیی هەر لەو کاتەدا کە تیرۆریزم لە هەموو شکڵ و شێوەکانی خۆیدا مەحکوم دەکا، مافی بەرگری ڕەوا و دیفاعی چەکدارانەش بۆ ئەو گەل و نەتەوانە کە دەکەونە بەر سوڵتەی ئیستعمار، سەرکوت و هەڵاواردنی ڕەگەزی و سیاسی و دەسەڵاتی بێگانە بەڕەسمی دەناسێ واتە جیاوازی لە نێوان ئەو دەستە و تاقمانە کە تیرۆر دەکەن و هیچ ئەسڵێکی پەسندکراوی جیهانی و بەها ئەخلاقی و ئینسانییەکان وەبەرچاو ناگرن لەگەڵ خەباتی گەلانی چەوساوە کە بۆ ئازادی خەبات دەکەن و پڕەنسیپە پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان وەبەرچاو دەگرن، دادەنێ.
کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە زۆربەی پەسندکراوەکانی خۆیدا، پێ لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلان بەدەستی خۆیان دادەگرێ. لە بەندی ٢ی مادەی ١ی مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ هەموو گەلان بە ڕەسمی ناسراوە. هەروەها مافی خودموختاری سەرزەوییە ژێرچەپۆکەکانیش دانی پێدا نراوە. بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان بەو بزووتنەوانە دەگوترێن کە بۆ خودموختاری و ئۆتۆنۆمی، بۆ ڕزگاری لە نیری ئیستیعمار و بۆ سەربەخۆیی نیشتیمانی، بۆ ڕزگاری لە ئاپارتایدی ڕەگەزی و سیاسی و ئیتنیکی خەبات دەکەن. ئەو مەسەلەیە بەڕوونی لە ماددەی ٧٣ی مەنشوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی لێکراوە.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سێ بواردا مافی بەرگری چەکدارانە بەڕەسمی دەناسێ:
یەکەم: خەبات بە دژی دەسەڵاتی ئیستعماری
دووهەم: شەڕ و خەبات بەدژی دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە
سێهەم: خەبات بەدژی ڕێژیمە سەرەڕۆکان، حکومەتە دژی گەلییەکان کە سەرکوتی سیاسی، ئاپارتایدی هەمەلایەنە و هەڵاواردن و جیاوازیدانانی قەومی و مەزهەبی و ئیتنیکی و میللی بەسەر گەلان و میللەتاندا دەسەپێنن.
پڕپڕەستێژترین بەڵگەنامە کە ئیستعمار ڕەد دەکاتەوە بریتییە لە مەنشوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە مادەکانی ١١ و ١٢دا مافی بەرگری چەکدارانە بۆ گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیستعمار و کۆلۆنیالیزم بەڕەسمی دەناسێ. ئیدی ئێستا ئیستعمار و سیاسەتە ئیستعمارییەکان نەک هەر پاکانەیان بۆ ناکرێ، بەڵکوو بە هەڕەشە و مەترسیش لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دادەنرێن.
لەبەر ئەوەی داگیرکردنی خاک و نیشتمانی میللەتان و گەلانی دیکەش بۆخۆی بە کردەوەیەکی ئیستعماری دادەنرێ، بەکارهێنانی چەک بۆ وەدەرنانی هێزی داگیرکەر لەلایەن گەلانی ژێر چەپۆکەوە، بە حەقێکی ڕەوا دادەنرێ. هەر بەوجۆرە خەبات بەدژی ڕێژیمە دژی گەلی و سەرەڕۆکان، کە ستەم و هەڵاواردن و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و سیاسی و میللی بەسەر گەلاندا دەسەپێنن، لە زۆربەی ئەسڵەکانی مەنشوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی لێکراوە و بە خەباتێکی بەرحەق ناسراوە. لەوبارەوە مادەکانی ١٠ و ٥٦ و ٥٧ی مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی گەلان بۆ بەرانبەریی و مافی وەک یەک، دەناسن و هەرچەشنە هەڵاواردن و جیاوازیدانانێکی ڕەگەزی، مەحکوم و قەدەغە دەکەن. بۆیە پێشێلکردنی ئەو مافانە لەلایەن حکومەتە سەرەڕۆکانەوە بە پێشێلکاری مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنێن و حەقی بەرگری چەکدارانە بەو گەلانە دەدەن کە بەدژی ئیستبدای سیاسی و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و میللی تێدەکۆشن.
هەروەها پرۆتۆکۆلی ژمارە یەکی ئیلحاقی کۆنڤانسیۆنەکانی ژێنێڤیش کە لە ساڵی ١٩٤٩دا پەسندکراون، پێگەی یاسایی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان بە ڕەسمی دەناسێ.
ئەو پرۆتۆکۆڵە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان وەک ئەکتەری خاوەن ئەرک و ماف دەناسێ و لە ڕیزی شەڕوکێشە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکانیان دادەنێ کەواتە چ لە یاسای نێونەتەوەییدا و چ لە ویژدانی کۆمەڵگای جیهانیدا، بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان وەک بەرگری ڕەوا و بەرحەق دەناسرێن.
مەرجی سەرەکی بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەو بزووتنەوانە وەک ئەکتەرێکی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە ئەوان نوێنەرایەتی میللەتی خۆیان بکەن. ئەم مەرجە لە مادەی ٩٦ی پرۆتۆکۆڵی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧٧دا باسی لێکراوە. ناسینی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لەلایەن دەوڵەتەکان، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کۆڕوکۆمەڵە جیهانی و ناوچەییەکان بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە. هەندێک لەو بزووتنەوانە وەک چاوەدێر لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا وەردەگیرێن و زۆر جار دەوڵەتەکانیش بەگوێرەی قازانجە سیاسییەکانی خۆیان بەڕەسمیان دەناسن و تەنانەت پشتیوانی سیاسی و مەعنەویشیان لێ دەکەن.
لەوەش زیاتر بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی وەک کەسایەتییەکی حقوقی بناسرێ، پێویستە خاوەن تەشکیلات و دامودەزگای سیاسی و دیپلۆماسی و نەزم و دیسیپلین بێ و بەرپرسایەتی قبووڵ بکا و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان لە کاتی شەڕ و بەربەرەکانێدا، وەبەرچاو بگرێ.
مادەی ٣ی کۆنڤانسیۆنەکانی ژێنێڤ هاوبەشە؛ ئەو مادەیە شەڕوکێشە نێوخۆییەکان دەگرێتەوە. بەگوێرەی ئامارەکان پتر لە ٨٠ لەسەدی قوربانیانی شەڕوکێشەکان ئێستا، هی شەڕ و کێشە نێوخۆییەکانن.
کۆمیتەی خاچی سووری جیهانی، ئەرک و مافەکان بۆ هەموو لایەنەکانی شەڕ وەک یەک دادەنێ. لە شەڕ و کێشە نێوخۆییەکاندا، شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیکە، داوا لە هەموو لایەنەکانی شەڕ دەکەن کە پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان وەبەرچاوبگرن.
سەبارەت بە ڕەوابوونی بەکارهێنانی چەک لەلایەن ئەو بزووتنەوانەوە، زۆر بڕیارنامەی جۆراوجۆری نەتەوە یەکگرتووەکان هەن کە سەبارەت بە فەلەستین، ئەنگۆلا، ئەفریقای جنوبی، موزەمبیق و تەیموری شەرقی و هتد دەرچوون، هەموو ئەوانە بەرگری ڕەوا بە حەقی گەلانی چەساوە لەقەڵەم دەدەن.
ئەسڵی کەڵکوەرنەگرتن لە توندوتیژی لە یاسای نێونەتەوەییدا پێوەندیی بە کێشەکانی نێوان دەوڵەتەکانەوە هەیە. واتە ئەو ئەسڵە پێوەندی بە کێشە نێوخۆییەکانەوە نییە و ئیستیسنا بۆ خەباتی گەلانی بندەست و ڕزگاریخواز دادەنێ. کۆنڤانسیۆنەکانی ژێنێڤ بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان کە بەدژی حکومەتە ڕەگەزپەرست و سەرەڕۆکان خەبات دەکەن، بە مەشروع دەزانێ و بەرگری چەکدارانەی ئەوانیش بە ڕەوا لە قەڵەم دەدا.
دەوڵەتێک کە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە شەڕ بکا، ناتوانێ ئەو شەڕەی خۆی لە ڕێگای بەکارهێنانی مادەی ٥١ی مەنشوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پاساو بدا. ئەو مادەیە مافی دیفاعی ڕەوا بە دەوڵەتەکان لە بەرانبەر دەوڵەتەکاندا دەدات، نەک لەبەرانبەر بزووتنەوە گەلی و ڕزگاریخوازییەکاندا. کەواتە دەوڵەتە سەرەڕۆکان ناتوانن پاکانە بۆ سەرکوت و زەبروزەنگی خۆیان بەو مادە قانوونییە بکەن.
لە یاسای نێونەتەوەییدا لەو پێوەندییەدا دوو بەشی سەرەکیمان هەیە.
یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ International Human Rights Law.
هەروەها یاسای نێونەتەوەیی مرۆڤدۆستانە. International Humanitarian Law مافەکانی مرۆڤ بریتین لەو ماف و ئازادییانەی مرۆڤایەتی بۆ هەموو ئینسانەکانی بە ڕەسمی ناسیون، بێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازیدانانێک.

گرنگترین پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ بریتین لە :

- بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ
- پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
- پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
- کۆنڤانسیۆنی منداڵان
- کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی هەر چەشنە جیاوازیدانانێکی ڕەگەزی
- کۆنڤانسۆنی قەدەغەبوونی هەموو فۆرمەکانی جیاوازیدانان لەسەر ژنان
- کۆنڤانسیۆنی قەدەغەبوونی شکەنجە
- کۆنڤانسۆنی ئاوارەکان
- کۆنڤانسۆنی قەدەغەبوونی ژینۆساید
- کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە کرێکارانی بیانی و بنەماڵەکانیان
- کۆنڤانسۆنی مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی
- کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە کەسانی بێسەروشوێنکراو

و زۆر پەیماننامە و کۆنڤانسۆن و پرۆتۆکۆڵی دیکەش.

یاسای نێونەتەوەیی مرۆڤدۆستانەش، کۆنڤانسیۆنەکانی ژێنێڤ و پرۆتۆکۆڵە ئیلحاقییەکانی سەربەوان دەگرێتەوە. ئەو یاساوڕێسایانە تەنیا لە کاتی شەڕدا بەکاردێن، بەڵام یاساکانی مافی مرۆڤ لە هەموو جێیەک، لەهەموو کاتێکدا و بۆ هەموو کەس، بێ جیاوازی کاردەکەن.
بەگوێرەی ئەو ئەسڵانە، قوربانیانی شەڕ، بریندارەکان، ئەوانەی سەدەمەی ڕۆحی و ڕەوانی و جسمیان وێکەوتووە، ماڵیان سوتاوە، شەهیدبوونە، ئەشکەنجە کراون، بێسەروشوێن بوونە، ئاوارەو پەرێوە بوونە، بەشێک لە وجودی خۆیان لەدەست داوە، ئەو یاساوڕێسایانە و زۆر پەیماننامەی دیکەی لەو جۆرەش، کۆنڤانسیۆنی ئوورووپای مافەکانی مرۆڤ، دەیانگرێتەوە و دەتوانن بۆ هێنانەگۆڕی داخوازییەکانیان بەکاریان بەرن.
بەپێی ئەو یاسایانە، دەوڵەتەکان بە duty bearer دادەنرێن و تاکەکەسەکانیش بە right holder لە قەڵەم دەدەرێن. واتە دەوڵەتەکان ئەرکیان لەسەر شانە و تاکەکەسەکانیش مافیان هەیە و دەبێ مافەکانیان دەستەبەر بکرێن.
لە پێشدا دەوڵەتەکان، دواتر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، خاچی سووری جیهانی، لەسەریانە ئەو پەیماننامانە پیادە بکەن. دەوڵەتان ئەرکیان لەسەر شانە بە بنەماڵەی قوربانیانی شەڕی کوردستان، بریندارەکان، ئەوانەی لەو شەڕەدا سەدەمەی جسمی و ڕۆحی و ڕەوانیان وێکەوتووە، هەموو یارمەتییەک بکەن. دادگاکان دەتوانن ئەو مافانە دەستەبەر بکەن. پێشمەرگەکانی کوردستان کە لە شەڕ لەگەڵ ڕێژیمدا بەشدار بوونە، ئەو یاسایانە دەیانگرێتەوە. چونکە دەوڵەتی ئێران لەوبارەوە تەعەهودی نێونەتەوەیی هەیە.
لەو شوێنانەی دیکەش دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، خاچی سوور، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتی ئوورووپا لەسەریانە بە گوێرەی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانە، پێداویستییەکانی قوربانیانی شەڕی کوردستان دەستەبەر بکەن و بەتایبەتی ئاوارەکان و بریندار و پەککەوتەکان و هەموو ئەوانەی لەو شەڕەدا بەشێک یان چەند بەش لە وجودی خۆیان لەدەست داوە.
کۆمەڵگای کوردستان، بە تایبەتی خاوەن کارخانەکان، خاوەن بنیاتە سەنعەتی و پیشەسازییەکان، لەسەریانە ئەو کەسانەی لە شەڕی کوردستاندا، لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا، زیانیان بەرکەوتووە، سەدەمەی جسمی و ڕۆحیان دیوە، کاریان بدەنێ، ڕەفاهیان بۆ دابین بکەن، خەڵکیش هەر بەو جۆرە پێویستە پێیانەوە ماندووبن، گیروگرفتەکانیان چارەسەرکەن، یارمەتی ماڵ و منداڵیان بدەن. ئەوە وەزیفەی میللی و نیشتمانی و ئەخلاقییە.
لەوەش زیاتر ئەو تێکۆشەرانەی خەساری جەستەیی و ڕۆحی و ڕەوانیان دیتووە، مافی نازیشیان بەسەرمانەوە هەیە. پێویستە ڕێز و ئەمەگناسیان پێ نیشان بدەین. بنەماڵەی شەهیدان، پێشمەرگە بریندار و خەساروێکەوتووەکان، ئەوانەی تەمەنێک خەباتیان کردووە و لەو خەباتەدا مایەی زۆریان لە ژیان و وجودی خۆیان داناوە، پێویستە وەفا و ئەمەگیان لەگەڵ بکرێ. ئەگەر لەوبارەوە هەرچی لە دەستمان دێ نەیکەین، زوو دەردەکەوێ کە بازرگانی فرمێسک و خوێنین. دیارە هەرئەرکی حیزب نییە لەوبارەوە هەنگاو باوێ،ئەرکی سەرەکی لەسەر شانی خەڵکی کوردستانە.
مەبەست ئەوە نییە بێن پوڵ و پارە بدەینە ئەو ئازیزانە، ئەوە درووست نییە و ئیمکانیشی نییە. دابینکردنی خۆشبژێوی و پێداویستییە لەشساخی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە ئەستۆی دادگاکان و دەوڵەتەکانە، بەڵام لەوبارەوە دەبێ هەموو ئیمکانێکی لەباریان بۆ بخولقێنرێ تا دەستیان بەو ئیمکاناتە ڕابگات. پارێزەرەکان، کۆمەڵگای مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوە ئەرکی سەرشانیانە لەوبارەوە کەمتەرخەمی نەکەن. تەشکیلاتەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ لێرەدا دەستپێشخەری بکەن لە ژوورەوە و لە دەرەوە. لەباری تەشکیلاتی و حیزبی و ئەخلاقی و مەعنەوی ئەرکی هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە لەو پێوەندییەدا بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەلوێ، ڕێز لەو سیمبۆلانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بگرن. ئەگەر هەر لە ئێستاوە ئەو کارە نەکەین، بڕوا و متمانە لەدەست دەدەین و خەبات و حەقانیەتی بزووتنەوەکەشمان دێنینە بەر پرسیار. ئەوەتا ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق هەموو ڕەمزەکانی بزووتنەوە کەوتوونەتە ژێر پرسیار.
ئەوە دەرسێکی گرنگە دەبێت فێری بین. هەموو ئەو کەسانەی لەو خەباتەدا مایەیان لەخۆیان داناوە، ژیان و ماڵ و سامانیان کردۆتە قوربانی دەبێ لەباری مەعنەوی و سیاسی و ئەخلاقییەوە وەفایان لەگەڵ بکرێ بەتایبەت لەلایەن خەڵکەوە.
ئێستا نەسڵێک لەو بزووتنەوەدا پاش تەمەنێک لە خەبات خەریکە پیر دەبێ و پەکی دەکەوێ، چاودێری و ڕاگەیشتن بەوانەش ئەرکێکی میللی و نیشتمانی و ئەخلاقییە.

# پێشمەرگە، ڕۆشنبیرێکی خەباتکار

ئەلبورز ڕووئین تەن

یەکێک لە دیارترین بەرهەمەکانی کۆماری کوردستان کە بۆ ئێمە بە میرات ماوەتەوە، داهێنانی ناوی پێشمەرگە بۆ هێزی لەشکریی کۆماری کوردستانە، پێویستی داهێنانێکی لەو شێوەیە لە هزری کوردایەتی و دەوڵەتمەداری ڕێبەرانی کۆماری کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان دەیانهەویست مۆرکی کوردایەتی لە سەر ناوی دامودەزگا و هێزی کۆماری کوردستان بچەسپێنن. لە کاتی داهێنانی ناوی پێشمەرگە، سەرکوتی دێرزەمانی کورد بۆ ماوەیەکی کورت و لە بەستەرێکی جوغرافیایی کەمی کوردستاندا نەمابوو، ئەم دەرفەتە دەگمەن و کورت و ئەستەمە وای کرد کە دەوڵەتمەدارانی کۆماری کوردستان لە ئاستی جیاوازدا خزمەتی زمان و کەلتوری کورد بکەن و پەرەی پێ بدەن تا جارێکی دیکە ببوژێتەوە؛ زمان و کەلتورێک کە ئاگری داگیرکاری نەیتوانیوە بە سوتاندنیش لە نێوی بەرێ، تەنانەت تا دەرفەتێکی بۆ هەڵدەکەوێت لە خۆڵەمێشی خۆشیدا سەر هەڵدێنێتەوە و گەشە دەکات. لەوانەیە لە یەکەم ساتی داهێنانی ئەو ناوە بۆ هێزی لەشکریی کوردستان داهێنەران بیریان نەدەکردەوە کە ئیتر بە درێژایی خەباتی ڕەوای گەلی کورد ئەو ناوە ئاوێتەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد دەبێت و بە جۆرێک دەبێتە بەشێک لە شوناسی کورد و بزاڤە ڕەواکەی.

ئەمڕۆ ئەوە ڕاستییەکەی حاشاهەڵنەگرە کە هەرمانی کورد و خەباتەکەی لە گرەوی هەبوونی ئەو خەباتکارانە بووە، کە بە پێشمەرگە دەناسرێن. هەرمانی نەتەوەیەک لە کوردستان کە ئەهریمەنانی سەر زەوی داگیریان کردووە ئاسان نییە، بەڵکوو وێنەیەکی تراژیک بەڵام حەماسی ژیانی کوردانە، کە ئەکتەری سەرەکی ئەو وێنەیە پێشمەرگەیە. ئەکتەری سەرەکیبوون لە ژیانی کورداندا ئەرکێکی ئەستەمە، پێویستی بە ئازایەتی و فیداکاری هەیە، پێویستی بە زانین و هەستکردن بە ستەمی بێ کۆتایی داگیرکەرانی ئەم خاک و نیشتمانە هەیە. ئەم ئەرکە قورسە بە چەکێکی سوک و کۆنی شانی ئەو ئەکتەرە واتە پێشمەرگە ناکرێت، ئەگەر هێزی هزری ڕووناکی ئازادیخوازی ئاوێتەی فیدکاری و ئازایەتی لە پشت نەبێت. واتە پێشمەرگە تەنیا چەکدار نییە بەڵکوو تاکێکی کۆمەڵگای کوردە کە بیر لە دۆخی کورد و کوردستان دەکاتەوە، هەوڵ دەدات کە نەهەماتییەکانی سەر کورد و نیشتمانەکەی لابچێت، لێرەدایە کە پێشمەرگە زیاتر لە چەکدارێک دەردەکەوێ واتە ڕۆشنبیرێکی گەلەکەیەتی.

ڕۆشنبیر "intellectual" لە زمانی فەرانسەویدا بە ئەو کەسە دەوترێ کە « بیرێکی چالاکی هەبێت و خاوەن هزر بێت». ڕۆشنبیریش وەک زۆر چەمک و مانای دیکە لە لای بیرمەندانی جیاواز پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە کە هەندێک جار ئەو پێناسانە پێک ناکۆکیشن. «حسەین بەشیریە» ڕەخنە گرتن لە دۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕێنوێنی کردنی کۆمەڵگا بەرەو نرخ و ئامانجە ڕەواکان لە بەرانبەر ویستی ڕۆژانە و کەم ماوەییەکان، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیر هەژمار دەکات. لەڕووی مێژووییەوە ناکرێت ڕۆشنبیری بە دۆخێکی دیاریکراو کورت بکەینەوە چونکە بە گوێرەی پێناسە و ڕوانگەی جیاواز کەسانی جیاواز لە کاتی جیاوازدا بە ڕۆشنبیر دەزانرێت، لەوانە دەکرێ ئاماژە بە شەهیدی فکر «سوقرات» لە یونانی کەونار یا «لوتێرکینگ» لە سەدەکانی ناوەڕاست بکەین. بەڵام چەمکی ڕۆشنبیر بە مانای ئەمڕۆیی لە سەدەی نۆزدە و بە تایبەتی بە دوای بەیاننامەی ڕۆشنبیران لە سەر دادگای دریفوس و لە وڵاتی فەڕانسە دەرکەوت، ئەو بەیاننامەی کە بۆ بەرگری کردن لە دریفوس بوو، چونکە بە ناحەق سزا دەدرا.

ڕۆشنبیران بەر لە هەر بابەتێک پێویستە دژی بێ دادی و نەبوونی ئازادی و سەرکوت و ستەم لە جۆرە جیاوازەکان بن، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و بەشێک بوون لە کردەوەی دژی ستەم و سەرکوت تەنانەت ئەگەر بە دانی نرخی زۆر گرانیش بێت لە خسڵەتە دیارەکانی ڕۆشنبیرانە.

«ئیدوارد سەعید» دەڵێ: ڕۆشنبیران باب و دایکانی جوڵانەوەکانن تەنانەت کوڕ و کچ و برازا و خوارزای ئەو جوڵانەوانەش هەژمار دەکرێن. «هانریش هاینە» ئاراستە کردنی ڕای گشتی لە ئامانجەکانی ڕۆشنبیر دەزانێ. «ژان پۆل سارتر» بەرگری لە چینی زەحمەتکێش و ژێر ستەم بە ئەرکی ڕۆشنبیر دەزانێت. بابەتی ڕۆشنبیر کێیە و چی دەکات و چۆن بیر دەکاتەوە؟ بابەتێکی قوڵ و جێگای مشتومڕی زانایانە کە لەم وتارەدا ناگونجێ بەڵام ئاماژەکردن بە ژمارەیەکی کەم لەو پێناسانە بە مەبەستی دەرخستنی کەسایەتی ڕۆشنبیر وەک کەسێک کە لێکدانەوەی دۆخی کۆمەڵگا دەکات و دژی بێدادی و ستەمگەری دەوستێتەوە و کاریگەری لە سەر ڕای گشتی دادەنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و دادپەروەری هەنگاو هەڵێنێ و تەنانەت خۆشی بە کردەوە بەشێک لە هەنگاونانە بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەر، لە پێویستییەکانی چوونە نێو ئەم بابەتە بوو.

ئەو پێناسەیە لە کۆمەڵگای کوردستان وێنای ناوێکی ئاشنا دەکات کە بە پێشمەرگە ناسراوە. پێشمەرگە تاکێکە کە لە سەردەمی لاویدا، کاتێک لە کۆمەڵگایەک چاوی دەکرێتەوە کە لە ژێر ستەمی داگیرکەردا دەچەوسێنرێتەوە، لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، بێڕێزی پێ کراوە و کەرامەتی شکێنراوە، هەست بە هەمووی ئەو نەهامەتییانە دەکات و بیر دەکاتەوە کە بۆچی وایە؟ بۆ دەبێ میلەتێکی وا تەنیا لە بەر ئەوەیکە داوای ئازادی دەکات بەو شێوە دڕندانەیە بەرەوڕووی ئەو هەموو جینایەتە و لەنێوبردنە ببێتەوە؟ ئەو نەهامەتیانە ئازاری دەدەن، لە ئەنجامی ئەو ئازارە، بیر لە دۆخی نەتەوەکەی دەکاتەوە. ئەم بیرکردنەوە کە زۆربەی هزرمەندان بە بنەمای ڕۆشنبیری دەزانن. پێشمەرگە لە دۆخێکی وەهادا کە نەتەوەکەی ژێردەستە، ناتوانێ بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی وەک تاک بکاتەوە بەڵکوو ئازارەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەو لە سەرەتیدان و هانی دەدەن کە دژکردەوە نیشان بدات، دەست بە خەبات بکات و لە گەڵ هاوبیرانی بۆ ئازادی نەتەوەکەی خەبات بکات! ئازادی، ئەو نرخەی کە مانا بە مرۆڤ دەبەخشێت. لێرەدایە کە دەردەکەوێ ناسنامەی پێشمەرگە چەکەکەی نییە، بەڵکوو ناسنامەی پێشمەرگە بیری ئازادیخوازی و بەرگری لە گەلێکی ژێردەستە. چەکی ئەو، ئامرازی پاراستنی خۆی و نیشتمانەکەیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە خەباتی خۆی بدات تا بتوانێ بەردەوام بێت و بیری ئازادیخوازی بڵاو بکاتەوە و تەنانەت خەباتی کۆمەڵگا بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە ئاراستە بکات. شەڕی نەرمی درێژی دوژمن بۆ چەواشەکردنی ئەو کەسایەتییە و پێناسەکردنی پێشمەرگە بە تێکدەر و خراپکار و ترۆریستیش بۆ هەبوونی بیری ئازادیخوازی ئەو دەگەڕێتەوە، لەنێوبردنی چەکدارێک کە چەکێکی سوکی لە شانە بۆ دەوڵەت و داگیرکەر ئاسانە، بەڵام لە بەرانبەر هێزی ئیرادە و باوەڕی قوڵی پێشمەرگە بە ئازادی و هەوڵەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی ئازادیخوازی لە دەستەوەستانە، مێژووی لانیکەم سێ چارەکە سەدەی ڕابردووی کوردستان وەک فاکتێک بۆ ئەو ڕاستییە خۆدەنوێنێت. داهێنەرانی ناوی پێشمەرگە لە چوارچرا لە سێدارە دران، زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی بە دوورونزیک پەیوەندییان بە ناوی پێشمەرگە هەبوو شەهید بوون، لە زیندان خران، بەڵام پێشمەرگە بە زیندوویی مایەوە و لە سات و سەردەمی جیاواز بوونە پێشڕەوەی جوڵانەوە و هەستانەوە و ڕاسانەوەی گەل. ئەوان نەیانتوانی هیچ کات پێشمەرگە لەنێو بەرن؛ خۆیان لەنێوچوون بەڵام پێشمەرگە هەر مایەوە و بەردەوام بوو و تا ئێستاش بەردەوامە و لەو بڕوایەدام تا بەدیهاتنی ئازادی و بۆ پاراستنی ئازادیش هەر بەردەوام دەبێت.

دوای سێ چارەکە سەدە لە خەبات، هەمان ناو بە ژمارەیەکی کەم بەبەراورد لەگەڵ هێزی دوژمن لە شاخەکانی کوردستان کە جوڵە دەکات ترسێکی گەورە لە دوژمندا دروست دەکات، ئەو دوژمنەی کە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت دونیای بە تیرۆر شڵەقاندووە، هەموو هێزی خۆی دەکار دەخا تا بتوانێ پێش بە هەبوونی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بگرێت، چوونکە لە هێزی گەورەی ئەو خەباتکارە ڕۆشنبیرە دەترسێت، تەنانەت ناتوانێ ئەو ترسەشی بشارێتەوە و لە زمانی هەڕەشە و پڕۆپاگەندەی ئەودا دەردەکەوێت کە چەندە لە هەبوونی پێشمەرگە دەترسێت. پێشمەرگە ڕۆشنبیرێکی خەباتکارە چونکە خاوەنی خسڵەتەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا وەک بیرکردنەوە و دەنگهەڵبڕین دژی بێدادی و بەرگریکاری ئازادی گەلە. چەکی پێشمەرگە هزری ئازادیخوازی ئەوە کە توانیویەتی دوژمن بە چۆکدا بێنێت.

نەمر دوکتور قاسملووی ڕێبەر، سێکوچکەی «سیاسەتی دروست و پشتیوانی گەل و قارەمانیتی پێشمەرگە» بە بنەمای سەرکەوتن و مانەوە لە گۆڕەپانی خەبات دەزانێت. قارەمانێتی پێشمەرگە بۆ ئەو چەکەی شانی ناگەڕێتەوە، نابەرابەرییەکی یەکجار زۆر لە نێوان چەکی پێشمەرگە و چەکی دوژمندا هەیە، بەڵکوو بۆ هزری ئازادیخوازی و ئیرادەی خزمەتکردن بەو هزرە ڕەوایە دەگەڕێتەوە، ئەگەر هزری ئازادیخوازیش بە بنەمای ڕۆشنبیری بزانین کەواتە پێشمەرگە ڕۆشنبیرێکی خەباتکارە.



# ڕۆڵی پێشمەرگە لە بیاڤی دیپلۆماسی کوردیدا

هیوا بەهرامی

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەر بناغەی کۆمەڵێك بەرژەوەندی هاوبەشی سیاسی، ئابووری و نیزامی و هتد دادەمەزرێن کە ئەو ئەکتەرانەی بەرژەوەندی هاوبەشی زیاتریان پێکەوە هەیە لێك نزیکتر دەبنەوە و لە کۆتاییدا زۆر جار چەشنێك هاوپەیمانی لێدەکەوێتەوە.

لە پێوەندی نێوان وڵاتاندا دەسەڵاتی ئابووری و نیزامی، هەروەها فاکتەری ژێئۆپۆلیتیك ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. لە هاوپەیمانییەکاندا مەرج نییە لایەنەکان هێزی سیاسی یان ئابووری و نیزامیان لە یەك ئاستدا بێت. بەپێچەوانەوە زۆر جار بەرژەوەندی ئەکتەرە لاوازەکان ئەوەیە هاوپەیمانی بەهێزیان هەبێت تاکوو لەو ڕێگایەوە خۆیان بپارێزن. لە هەمانکاتدا ئەکتەرە بەهێزەکان لە پێناو پاراستنی ئەکتەرە لاوازەکاندا بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ نموونە بەرژەوەندی ئابووریان لە ڕێگای ئەوانەوە دابین دەکەن.

بەگشتی فاکتەری هێز لە پێوەندی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی نێوان وڵاتاندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

ئەوەی زیاتر مەبەستی ئەم بابەتەیە، هەڵسەنگەندانی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە بیاڤی دیپلۆماسی کوردداییە کە بوونی ئەم هێزە چەندە کاریگەری لە سەر پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەحزابی کوردستانی هەبووە. وەك ئاماژەم پێدا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تیۆری ڕیئالیزم دەوری سەرەکی دەگێڕێت و دەسەڵات و هێز لەم پێوەندییانەدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن.

پێگەی کورد وەك نەتەوەیەکی دابەشکراو بەسەر چەند وڵاتدا و بە بێ هەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی نەتەوەیی پێگەیەکی لاوازە. ئەمەش زیاتر بو ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەت لە پێوەندی نێونەتەوەییدا ئەکتەری سەرەکییە.

بەم حاڵەش نەتەوەی کورد بە هەبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرین و لە هەمانکاتدا هێزێکی نیزامی بە ناوی پێشمەرگە، زۆر جار بە هۆکاری جیاواز و بە پێ سیاسەتی کورت یا درێژخایەنی دەوڵەتان نەتوانراوە پشتگوێ بخرێت و تەنانەت ڕۆڵیشی بینیوە؛ لەڕاستیدا بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بە بێ بوونی هێزی پێشمەرگە نەیدەتوانی لە سەدەی ڕابردوو بەم لاوە بەرگەی سەرکوتی دوژمنانی بگرێت و بوونی هێزی پێشمەرگە تەزمینی مانەوەی بزووتنەوەی سیاسی کورد بووە. ئەگەر وڵاتی ئێران وەک نموونە بێنینەوە، دەردەکەوێت کە ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتە هەر دەم بە ڕوانینێکی ئەمنیەتی چاویان لە پرسی کورد کردووە. هەر بۆیەش لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم پرسە لە ڕێگای هێزی نیزامی و سەرکوتی ڕزگاریخوازان کۆتایی پێ دەهێنرێت بەڵام بوونی هێزی پێشمەرگە و بەرخودانیان لە چوارچێوەی بەرگری ڕەوادا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر پلانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە.

لێرەدا مەسەلەی کەمییەت زۆر ڕۆڵ ناگێڕێت. سرووشتییە کە دەوڵەتی ئێران لهباری نیزامییەوە لە هێزی پێشمەرگە پۆشتەتر و ئیمکاناتێکی بەرینتری لە بەردەمدا بووە بەڵام لە لایەکەوە هێزی بیروباوەڕی پێشمەرگە و لەلایەکی دیکەوە ڕەوابوونی ئەو خەباتە لە ڕوانگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا بوونەتە هۆکار بو ئەوەی خەباتی هێزی پێشمەرگە کاریگەری زۆر لە سەر دوژمنان دابنێت. هەرچەند ڕەسالەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر زیاتر لە شەڕکردنە و نابێت تەنیاوتەنیا وەك هێزێکی نیزامی چاوی لێ بکرێت، بەڵام بەرخودانی چەکداری ئەو هێزە بووەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی دونیای دەرەوە بو پرسی کورد.

هێزێکی سیاسی خەباتکار کە هەزاران پێشمەرگەی فیداکاری هەبێت، لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیشدا حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت.

کاتێک سوپای جەهل و تاریکپەرەستی داعش هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان، بەرگری و گیانفیدایی هێزی پێشمەرگە لەو بەشەی کوردستاندا دەنگدانەوەی جیهانی هەبوو. هەر ئەم ڕۆڵەی کە پێشمەرگە گێڕای، بووە هۆکاری کرانەوەی دەیان کاناڵی دیپلۆماسی و پێوەندی نوێی بەهێز و کاریگەر بۆ ئەو بەشەی کوردستان. دیارە ئەوەیکە چەندە توانرا لەو دەرفەتە بە شێوەی ئەرێنی کەڵک وەربگیردرێت مەبەستی ئەم بابەتە نییە، بەڵام نەفسی هاتنە ئارای ئەو دەرفەتانە سەلمێنەری کاریگەری ڕۆڵی پێشمەرگە لەو سەردەمە ئاستەمەدا بوو کە ئەو هێزە بە نوێنەرایەتی دونیای ئازاد و دێموکرات شەڕی مان و نەمانیان دژ بە کۆنەپەرستانی داعش کرد.

ئەگەر پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرەتای هەشتاکانی زایینی، حیزبی دێموکرات و بە تایبەت شەهید د.عەبدولڕەحمان قاسملوو توانی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بناغەی تۆڕێکی بەرین لە پێوەندی دیپلۆماسی دابمەزرێنێت بەچەشنێك کە تا ئەمڕۆش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرینترین و ڕێکخراوترین تۆڕی پێوەندی نێونەتەوەیی هەیە، بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی گیانفیدایی و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

هەرچەند حیزبی دێموکرات لەلایەن دۆست و هاوپەیمانە نێونەتەوەییەکانییەوە هەردەم وەک حیزبێکی سیاسی، پرۆگرێسیڤ و شوێندانەر لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا حیسابی بۆ کراوە، بەڵام لەڕاستیدا بەشێکی بەرچاو لە پێگەی حیزب و شوێندانەری حیزب هەبوونی هێزی پێشمەرگەیە و خەباتی بێوچانی ئەو هێزە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان بووە کە پێشمەرگەی وەک هێزێکی بەپرەنسیپ و پارێزەری بەها مرۆڤی و دێموکراتیکەکان بە دونیای دەرەوە ناساندووە.

دەسپێکی ڕاسان و چالاکی بەرچاوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتدا پاش ساڵانێك بێدەنگی، زۆر زوو سەرنجی میدیای جیهانی و لایەنە سیاسی و حکومەتییەکانی بۆ لای پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕاکێشا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زۆر لاواز لە ڕۆژهەڤدا بوو. ئەم سەرلەنوێ چالاکبوونەوەیەی هێزی پێشمەرگە توانی لە کار و چالاکی پێوەندییەکانی حیزبیشدا ڕەنگ بداتەوە و ئەحزاب و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە دەلاقەیەکی دیکەوە تەماشای پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بکەن.

ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە و کاریگەری لە سەر خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیدا ڕۆڵێکی زۆر بەرجەستە و کاریگەرە و بوونی هێزی پێشمەرگە و چالاکییەکانی سەرچاوەیەکی گرینگی وزە، ئیرادە و ورەیە بۆ هەرچی باشتر بەرەوپێشبردنی خەبات لە بیاڤی دیپلۆماسی و پێوەندی دەرەکیدا.

هەر بۆیەش لە ئێستادا پەرەپێدانی هەرچی زیاتری خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەت لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەکی بەرین و بە بەرنامەی تۆکمە و ستراتیژییەکی ڕوون، گرینگی تایبەتی هەیە و دەتوانێت دەرفەتی زیاتر بۆ کار و تێکۆشانی دیپلۆماسی و چالاکی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بخولقێنێت و دەرگای نوێ بە ڕووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەو بەشەی وڵاتدا بکاتەوە.

# ٢٦ی سەرماوەز
# ئەو ڕۆژە بەهەیبەتەی داگیرکەر بەچۆکدا دێنێ



**دیاریکردنی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لەڕاستیدا زیندووکردنەوەی هێمای خاوێنکردنەوەی وڵاتێکی داگیرکراوە لە پێڵاوی پیسی داگیرکران، لەسەر دەستی وەفادارترین ڕۆڵەکانی**

**سندووس**

هەر کە ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی هەڵگیرسا، لەبەر ئەوەیکە ڕەزا شا بە ئاشکرا بەلای ئاڵمانی نازیدا شکابۆوە، بارودۆخێک هاتبووە ئاراوە کە ئێران بە شێوەی فەرمی ببوو بە گۆڕەپانی ڕمبازێن و تەڕاتێنی جاسووس و موخبیری نازییەکان.
دوای ئەوەیکە ئاڵمان لە هاوینی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤییەت، بە کردەوە بەرەیەکی گەورەی شەڕ، لە لایەن هاوپەیمانان واتە یەکێتی سۆڤییەت، ئامریکا و ئینگلستان لە دژی ئاڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن کە وڵاتانی مێحوریان پێ‌دەوترا پێکهات و هاوپەیمانان لە دانیشتنەکانی خۆیاندا ساغ بوونەوە کە لە بەر دوو هۆی سەرەکی، هێرشی نیزامی بکرێتە سەر ئێران:
١- پێش بە تەڕاتێنی جاسووسانی ئاڵمانی بگرن و نفووزی ئاڵمان لە ئێران بشکێنن.
٢- چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی پێویست لە ڕێگەی کەنداوەوە بە شێوەیەکی هاسان بە یەکێتی سۆڤییەت بگەیەنن.
بۆ ئەم مەبەستە لەشکری هاوپەیمانان لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانددا و لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر خاکی ئێران، ئەرتەشی سوور لە باکوور و ئەرتەشی ئامریکا و ئینگلیسیش لە باشوورەوە. ڕێژیمی ڕەزاشا هەر زوو داتەپی و تێکڕووخا.
بە تێکچوونی دیکتاتۆری ڕەزاشا کە سیاسەتی یەک وڵات، یەک ئاڵا و یەک پاشا - نەتەوەی گرتبووە بەر، برەئازادییەک هاتە دی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوە. ئەوە یەکەم دەرفەتی گرینگ بوو کە

لە ماوەی تەمەنی ڕەش و نگریسی ٢٠ ساڵەی ڕەزاشادا، ئێران ڕووی ئازادی دەبینی. هاتنی هاوپەیمانان بۆ ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی بە جۆرێک بوو کە ناوچەی «موکریان»ی، نەدەگرتەوە و جۆرێک بۆشایی دەسەڵاتی تێدا پێکهاتبوو، لەو لاشەوە، هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا شنەبای بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی ئێران و کوردستانی تەنیبووەوە و شاعیرانی وەک «سەیفولقوزات»، مامی «پێشەوا»ی گەورە و باوکی حەمەحوسێنی سەیفی قازی، بە هۆی دۆستایەتی لەگەڵ شاعیرانی مەشرووتەخواز و ئازادیخوازانی ناوەند و باقی شارەکانی‌تری ئێران وەک تەورێز و ... هتد، لەگەڵ شەپۆلی ئازادیخوازی کەوتبوو و بە شێعر توانیبوویان کار لە سەر هەستی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلی کورد بکەن، هەر ئەویش لە دەڤەری موکریان، شێعری لە بانەوە دابەزاندە سەر زەوی و بۆ یەکەمجار کردی بە چەمکی هوشیاری نەتەوەیی و بوو بە مامۆستای شاعیران و نووسەرانی دەرەوەستی وەک «هێمن»، «هەژار»، «قزڵجی»، «زەبیحی» و گەلێ خاوەن هەستی‌تر و لە ژانری شێعردا بوو بە مامۆستای قوتابخانەی شێعری موکریان.
کاریگەری ڕیئالیستی زمانی شێعری «سەیفولقوزات»، تەنیا لە ژانری شێعردا کورت نەکراوەتەوە و پەلهاوێژی بۆ نێو ژانرەکانی‌تریش کردووە، زێدەبێژی نییە گەر بڵێم ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هاتووەتە نێو جیهانی کورتەداستانە ڕیئالیستییەکانی «حەسەنی قزڵجی»یشەوە و لە ڕێگەی «پێکەنینی گەدا»وە چووەتە نێو «کوێرەوەری» و «ژانی گەلی» ئیبراهیم ئەحمەد و گەلێ شاعیر و نووسەری‌تری نیشتمانییەوە.
لەم لاشەوە ناوچەی موکریان، شاهیدی دەیان شۆڕشی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی، وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، باپیرئاغای مەنگوڕ، سمایل ئاغای سمکۆ و ... بوو، هەر بۆیە خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەند و پۆتانسییەلێکی لە ناخاهەڵگری بیر و ئەندێشەی ڕزگاری نەتەوەیی بوو، کۆی ئەمانە هانەیەک بوون کە ڕووناکبیرانی ناوچەکە دەرفەتی پێشهاتوویان قۆستەوە و ئا بەم شێوەیە هەستەی ناوەندی پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی ڕسکا و لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی، «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» واتە «کۆمەڵەی ژێکاف»، دامەزرا. دیارە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف بە خاڵێکی گرینگ لە وەرچەرخانی خەباتی نەتەوەییدا دەێتەبەرچاو، چوونکە لەو کاتەوە و بۆ هەمیشە سەرکردایەتی جوڵانەوەی نەتەوەی کورد، لە دەست شێخ و ئاغا و مەلا هاتە دەر و بەرنامەی سیاسی بوو بە هۆکاری گردبوونەوەی ئەندامان و لایەنگران، نەک خوێن و ڕەگەز و تیرە و دەمارگرژی ئایینی. بە مانا «ماکس ڤێبێر»ییەکەی، «ئۆتۆریتەی نەریتی» جێی پێ‌لێژ کراو «ئۆتۆریتەی عەقڵانی - یاسایی»، جێی گرتەوە.
سێ ساڵێک دوای دامەزراندنی ژێکاف، لەبەر هێندێک هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی، بەڕێوەبەران، بەم ئاکامە گەیشتن کە دەبێ حیزبێکی مۆدێڕنتر و بە بەرنامەیەکی سیاسی حەکیمانەتر دامەزرێنن و بازنەی هەڵسووڕانی تەشکیلاتی بەرفراوانتر و ئەندامان لە مەیدانی پراکتیکدا چالاکتر خۆبنوێنن، لە گۆڕەپانی سیاسیشدا دیپلۆماسییەکی کارا وەگەڕ بخەن تا حەقانییەتی خەبات و تێکۆشانی تێکۆشەرانی گەلی کورد زیاتر بۆ جیهان بسەلمێندرێت.
ئەوە بوو کە لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژێکاف، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا و بەرنامەیەکی هەشت خاڵی بڵاوکردەوە.
لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا، یانی ١٦٠ ڕۆژ دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوانیشانە و ئاسەواری دەسەڵاتی ناوەند، کە شارەوانیی مەهاباد بوو، کەوتە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی چەک کران و بەو چەکانەی کەوتبوونە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک، بەردی بناخەی سوپای نەتەوەیی کوردستان دامەزرا.
٣٦ ڕۆژ دوای خاوێنکردنەوەی شارەوانی لە چەکدارانی بێگانە، کۆماری کوردستان دامەزرا و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کورد بۆ یەکەمجار لە سەر خاکی خۆی، دەسەڵاتی خۆی گرتە دەست و سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێڕنی پیادە کرد.
دیاریکردنی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لەڕاستیدا زیندووکردنەوەی هێمای خاوێنکردنەوەی وڵاتێکی داگیرکراوە لە پێڵاوی پیسی داگیرکران، لەسەر دەستی وەفادارترین ڕۆڵەکانی.
ڕاستە کۆماری کوردستان، بەهۆی پیلانگێڕی نەیاران و ساتوسەودای ئابووریی زلهێزەکان، تەمەنی لە یازدە مانگ تێنەپەڕی، بەڵام دەسکەوتەکانی کۆمار ئەوەندە گرینگ و پڕبایەخن کە ٧٥ ساڵ دوای ڕابردن بەسەر ئەم ڕۆژانەدا، ئێستاش میراتگرە بەئەمەگەکانی پێشەوا و کۆمار، لە بەرزترین چیاکانی کوردستاندا، چاونەترسانە لە پێناو ئامانجەکانی کۆماردا خەبات دەکەن و تەنیا هیوای مەزنیشیان ڕامالینی یەکجارەکی دوژمن و وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد، پێشەوای مەزن، کۆماری کوردستان و گشت شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەربەستی کوردستانە.

**لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا، یانی ١٦٠ ڕۆژ دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوانیشانە و ئاسەواری دەسەڵاتی ناوەند، کە شارەوانیی مەهاباد بوو، کەوتە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی چەک کران و بەو چەکانەی کەوتبوونە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک، بەردی بناخەی سوپای نەتەوەیی کوردستان دامەزرا**

## وێستگە

# ژنان و پێشمەرگایەتی



**نووسین: هێمۆ**

پێشمەرگایەتی لای ئێمەی کورد یەکێک لە پیرۆزترین و پڕبایەخترین ئەرکەکانە، ئەرکێکی نیشتمانی کە جیا لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، بە باشی توانیویەتی پێناسەیەکی مرۆڤتەوەرانەش بە خەباتەکەمان ببەخشێ.
چونکە، سەرەڕای هەموو گوشارەکان کە لە لایەن دەسەڵاتداران و داگیرکەرانەوە بۆ سەر نەتەوەی کورد هەبووە و سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە کە بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزی و دوورخستنەوەی ژنان لە خەبات و تێکۆشان دراوە، دیسانەوە لە ژێر ناوی پێشمەرگە و لە ژێر سێبەری بیری ئازادیخوازیدا، خەباتەکەی ئێمە بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەزی بێوچان تاکوو ئەمڕۆ بەردەوام بووە.
لە خەباتی بێبڕانەوەی گەلی کورددا، ژن هەمیشە بەشێکی جیانەکراو و حاشاهەڵنەگر بووە و هیچکات نکۆڵی لە بوون و کاریگەربوونی نەکراوە.
ڕەنگە لە بڕگەیەکی مێژووییدا، هەبوونیان کاڵ بووبێتەوە بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچکات ژنان لەم خەباتە وەلانەنراون، چونکە هەمیشە لە مێژووی نەتەوەی ئێمەدا ژنان وەکوو کۆڵەکەکانی بەردەوامیی خەبات ناویان لێ براوە و جەختی تایبەت لە سەر بوون و بەشدارییان کراوە.
گرینگی و بەبایەخبوونی هێزی پێشمەرگە و ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە قورسەی کە دەکەوێتە سەر شانی، وای کرد کە حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، وەکوو ڕۆژی ڕێزگرتن لە ڕۆڵە بەئەمەگەکانی کوردستان ناودێر بکات و ئەم ڕۆژە بکاتە هەوێنێک بۆ ڕێزگرتن لەو هەموو گیانفیدایی و تێکۆشانەی کە لە لایەن ڕۆڵەکانی نیشتمانەوە بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و ڕزگاری نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کراوە.
ڕەنگە زۆرجار باس لەوە کرابێ کە ژنان وەکوو پیاوان لە خەباتدا بەشدارییان کردووە و چەکی پارێزگاری لە خاکی کوردستانیان لە شان کردووە، بەڵام لەڕاستیدا ژنان نە وەک پیاوان بەڵکوو وەکوو خۆیان، وەکوو ژنانی ئازا و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر، وەکوو مرۆڤگەلێکی بەرپرسیار لە بەرانبەر خاک و نیشتمان و نەوەی داهاتوو، ئەگەر نەڵێین هەمیشە، دەتوانین بڵێین زۆرجاریش وەکوو پێشەنگ، جڵەوی خەباتیان گرتووەتە دەست و توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویشیان هەبێت.
ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆرێک لەو ژنە قارەمانانە کە ساڵانێک لە ڕیزی خەبات و تێکۆشاندا، گیانی خۆیان کردووە بە قەڵغان بۆ پاراستنی نیشتمان، گەورەترین هاندەری تێکۆشەران و پشتیوانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانن.
ژنان نەتەنیا هیچکات لە شۆڕش دانەبڕاون بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرانبەر بە خاک و داهاتووی گەلەکەیان هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و بە هێز و توانای تەواوەوە دێنە گۆڕەپانی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمە داگیرکەرەکانەوە.
پاش دەسپێکی قۆناغی نوێی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ژێر ناوی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»، پۆل پۆل کچان و ژنانی ئازادیخواز، ڕوویان لە مەتەرێزی شاخ کرد و چەکی پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتیان لەشان کرد، زۆرێک لە ژنانیش بەپێی پێناسەیەک کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات هێنایە ئاراوە، لە شارەکانی کوردستاندا ئەرکی پێشمەرگەی شاریان لەئەستۆ گرت و بە بەشداری کردن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا، بەرگی کردەوەیان بە بەر ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا کرد.
یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی قۆناغی نوێی خەبات هەر ئەم دووبارەپێناسەکردنەوەی خەبات و هێنانەگۆڕێی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات بوو؛ لەم قۆناغەدا، بەپێچەوانەی ڕابردوو ژنانی هێنایە نێو هاوکێشەکەوە. ئەگەر پێشتر ژنان بە ڕێژەیەکی کەم دەیانتوانی پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە بن و ئەو ئاواتە بۆ زۆر کەس بوو بە ئاواتێکی بەدینەهاتوو، ئەمڕۆ زۆر بە ئاسانی ژنان و کچان دەتوانن خۆیان لە مەتەرێزی شاخدا ببیننەوە و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر بکەن.
ئەگەر لە ڕابردوودا ژنان زیاتر وەکوو پشتیوانی خەبات چاویان لێ دەکرا و نەیاندەتوانی لە کاروباری کردەییدا بەشدار بن، بە خۆشحاڵییەوە و لە ژێر سێبەری ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، ژنان بە هەر پێگە و ئەرکێکی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانن ڕۆڵی پێشمەرگە بگێڕن و بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە خەبات و تێکۆشاندا هەبێت.
جێگای خۆشحاڵیە کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات توانیویە ژنان لە چوارچێوەی بیری نەریتی و پیاوسالارانە ڕزگار بکات و سەرلەنوێ پێناسەی کەسایەتی و کەرامەتیان بۆ بکاتەوە.
تەوارانی پێشمەرگە، لە دوو مەتەرێزی شاروشاخدا، ئازایانە و گیانلەسەردەستانە، جڵەوی خەباتیان بەدەستەوە گرتووە و لە هیچ هێزێکی داگیرکەر سڵ ناکەنەوە، ئەوان هاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە تاکوو وەکوو مرۆڤ، ژیانێکی ئازاد و سەربەست بۆ خۆیان و نەوەی داهاتوو دەستەبەر بکەن، بۆیە لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا دەبێ سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو شێرەژنانە دابنەوێنن کە لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری پەت و سێدارەدا، بەرەنگاری مەرگ دەبنەوە؛ دەبێ کڕنۆش بۆ ئەو دایکانە بەرین کە شەهیدبوونی جگەرگۆشەکانیان ئەوانی لە خەبات و تێکۆشان پاشگەز نەکردووەتەوە، دەبێ پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لەو تەوارە بەرزەفڕانە بکەین کە شاروشاخیان کردووەتە هێلانەی خۆیان و لەوێوە بە گژی دوژمندا دەچنەوە.
سەرماوەز مانگی تەوارانی نیشتمانە، بەرز و پیرۆز بێت ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە تەوارە بەرزەفڕەکانی نیشتمان لە شار و لە شاخ.

# پێگەی پێشمەرگەی کوردستان
# لە نێو کۆمەڵگای کوردستان و ئەرکی ئەو بەرامبەر بە خەڵک



ئیسماعیل ڕەحمانی

لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکاندا هەموو کات کەسانێک بوون کە بە هەموو شێوەیەک داکۆکیان لە مافی ڕەوای نەتەوەکەیان کردووە و ئامادە بوون بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەکەیان هەموو جۆرە گیانبازییەک بە گیان بکرن و لە بەرانبەریشدا بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک دژوارترین قۆناغەکانی ئەم بزاڤەیان تێپەڕاندووە و سەربەرزانە لە سەر مافە ڕەواکانیان پێداگر بوون. ئەم چینە لە کۆمەڵگادا بەڕادەیەک لە ئاگایی و وشیاری نەتەوەیی گەیشتوون کە دەسەڵاتی داگیرکەر کەمترین کاریگەری لە سەر بیر و هزری ئەواندا هەیە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لە سەر داخوازییەکانیان پاشگەزیان بکاتەوە.

لە خەباتی پڕ لە قوربانی و مەینەتباری نەتەوەی کورد، بوونی ئەم چەشنە مرۆڤانە کە بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای نەتەوەکەیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی گوزەراوە و بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە خۆی دەکات بە قوربانی نەتەوەکەی، ئەم مرۆڤە بەرزە و ئەم ئینسانە تەژیی لە لەخۆبردوویی و ورە و باوەڕە، پێناسەی مرۆڤێک دەکات کە پێی دەڵێن «پێشمەرگە»، واتای دوایین پلەی بەرزی مرۆڤایەتی و ئینسانییەت.

هەموو ئەم تایبەتمەندییە بەرزانەی ئەم مرۆڤەیە کە کردوویەتی بە خۆشەویستی کۆمەڵگاکەی و بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕواننە خەباتەکەی. لە هەمان کاتیشدا ڕەوشتی بەرزی مرۆڤی پێشمەرگە بە ڕوانین و هەڵسووکەوت و هەروەها هەڵوێستەکانی بەنیسبەت داگیرکار و ئەو بەگژداچوونەوەی بۆ گەیاندنی هاواری نەتەوەکەی بەشێکن لە پێناسەی پێشمەرگە و ئەم پێناسەیەش پێشمەرگەی بە تەواوی مانا لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا خۆشەویست کردووە.

بێگومان کەسێک لە هەناوی میللەتەکەیدا ژیابێ و هەموو کێشە و ئازارەکانی نەتەوەکەی چێشتبێ و بەدەم ئازاری گەلەکەیەوە بووبێ و ژیانی لە ڕێگای بەختەوەری و ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا بەخت کردبێ، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و بە ڕێزەوە چاوی لێ دەکرێ.

تایبەتمەندی هەڵوێستگرتن و بەچۆکدانەهاتن لە بەرانبەر زوڵم و جەوری حکومەتی داگیرکەر و داپڵۆسێنەر و هەروەها خۆڕاگری بە چەکی ئیمان و باوەڕ لە بەرانبەر ڕێژیمێک کە بە هەموو کەرەستە و ئیمکاناتی دژەمرۆیی تەیارە، وای لەم مرۆڤە کردووە کە سرنجی هەموو کۆمەڵگا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ئەم ورە و باوەڕەش بووەتە ڕەمزێکی لەشکاننەهاتووی پێشمەرگە و پێشمەرگەش بەم ڕەمزانەوە بووە بە سیمبولێکی ڕەهاییبەخشی کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها پڕبایەخ بوونەش لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە کۆمەڵێک ئەرکی خستۆتە سەر شانی پێشمەرگە کە لێرەدا بە کورتی و بە گشتی دەکەوێتە بەر باس.

پێشمەرگە وەکوو شۆڕشگێڕێک بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەکەی پێویستە هەموو کات هوشیاری و ئاگایی بداتە کۆمەڵانی خەڵک و لەو ڕێگایەوە ئەو هەموو زوڵم و نابەرابەرییەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە سەر گەلەکەیدا سەپێندراوە ڕوون بکاتەوە و بەنیسبەت کردەوەکانی ڕێژیمەوە هیچ کات بێهەڵوێست نەبێ و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەر و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی بە کۆمەڵانی خەڵک نیشان بدات.

لەمەیداندابوون و بەردەوام لەگەڵ نەتەوەکەی خۆت و بوون لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، ورە و هێزی زیاتر بە کۆمەڵانی خەڵک دەبەخشێ و ئەوان زیاتر هان دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزی داگیرکەر کە ئەم پاڵپشتییە دوولایەنەیە و خەڵکیش لە بەرانبەردا گیانی پێشمەرگە دەپارێزن و لە هەموو بوارەکانی دیکەدا یارمەتیدەری پێشمەرگەن بۆ دەستەبەرکردنی زیاتری سەرکەوتنەکانی و هەروەها لە ڕێگای بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شێلگیرتر بێ.

پێشمەرگەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە ئاگایی لە بەرنامە و پیلانە جۆراوجۆرە ئەمنییەتی و ئابووری و داگیرکارییەکانی ڕێژیم، دەبێ لەقاویان بدات و هەموو ئەو پیلانانەی کە لە بەرانبەریدایە پووچەڵ بکاتەوە یان زانیاری و ئاگایی تەواو بداتە نەتەوەکەی بۆ ئەوەی داگیرکەر نەتوانێ لە بەڕێوەبردن و سەرکەوتنی پیلانەکانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ.

خۆتەیارکردن بە چەکی زانست لە سەردەمێکدا کە شۆڕشی تیکنۆلۆژی توانیویەتی سنووری وڵاتان ببەزێنێ، یارمەتیدەری باشە بۆ پێشمەرگە کە هەم پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ خەڵك هەبێ و هەمیش لەم ڕێگەیەوە پیلان و پلانی دوژمن لەقاو بدا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا، دەبێ زیاتر وەك هێزێکی نیشتمانی خۆی پێناسە بکا و بە خۆدوورگرتنەوە لە ناکۆکی سیاسی نێوان حیزبەکان، دووڕەدیمەنی ڕوانینی گەل و نیشتمان بێ.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات، دەرفەتێکی نوێی بەخشی بە پێشمەرگەی کوردستان کە بۆ جارێکی دیکە لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی کوردستان دروست بکا بۆیە ئەرکە لەسەر هێزی پێشمەرگە کە خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات هەبێ و بەسەرەنجدان بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەرنامەی خەباتی نۆژەن بکاتەوە، خەباتێك کە لەسەر بنەمای ئەوە داڕێژراوە کە ئەوە خەڵکن کە خاوەندارییەتی خەبات دەکەن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك پاڵپشت و پشتیوانی خەبات پێناسە کراوە؛ بۆ ئەوەیکە هێزی پێشمەرگە بتوانێ پاڵپشت و پشتیوانێکی جێگەی باوەڕ بێ، پێویستە پێشمەرگە هەم سەردەمیانە بیر بکاتەوە و هەمیش شێلگیرانە لە مەیداندا بێ تاکوو ورە و توانا بە کۆمەڵگا ببەخشێ.

# مەبەستی شاراوەی خەوشدارکردنی سیمای کورد و بزووتنەوەکەی




جەمیل کولاهی

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا فڕۆکەوانێکی ئێرانی لە کاناڵی دووی تەلەفزیونی ڕێژیمی ئێران لە بەرنامەی تەلەفزیونی «در انتهای الوند»، کە بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕایەوە، وتی لە سەرەتای شۆڕشدا کوردەکان گۆشتی فڕۆکەوانەکانیان بە کیلۆی پانسەد میلیۆن تمەن دەفرۆشت! ئەمە ڕەنگە بە لای زۆر کەسەوە بە گاڵتە وەربگیردرێ، بەڵام کەسێکی فڕۆکەوان و لەو تەمەنە و لە بەرنامەی تەلەفزیونی ڕێژیمدا قسەی بێ بەرنامە بۆداڕێژراو ناکات، دەبێ ئەو قسەیە لەو بەستێنەدا کە ناوبراو کردوویەتی ڕاڤە بکرێ و تیشکی بخرێتە سەر.

ئاخاوتنی هاوشێوە مێژوویەکی دوورودرێژی لە نێو کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەر کورد هەیە، خومەینی کاتێک ویستی فەتوای جیهاد دژی کوردستان ڕابگەیەنێ، پێش لە ڕاگەیاندنی فەتواکەی ڕایگەیاند کە لە سنەوە هەواڵ گەییشتووە حیزبی دێموکرات کۆمەڵێک ژنی لە مزگەوتی سنە دەستبەسەر کردوون (سەحیفەی ئیمام، ج ٩، ل ٣٠٦، ماڵپەڕی خومەینی)، هەر لەو کاتەدا بەنی سەدر لە وتارێکدا لە تاران ڕایگەیاند کە سێ مەلای کوڕی پێغەمبەریان لە کوردستان کوشتووە. پێویست بە ئاماژەیە کە هەر لە سەرەتاوە ڕێژیم لە دەزگای ڕاگەیاندندا ناسناوی سەربڕی دەخستە پاڵ کورد و هەموو ڕێبەرانی ڕێژیم بە ئازادیخوازانی کوردیان دەگوت «ئەشرار».

ئەم دەربڕین و چەواشەکارییانە تەنیا بۆ ئامادەکردنی کەشی شەڕ و پێکهێنانی یەکیەتییەک لە نێو خەڵکی ئێراندا دژی کورد دەکران، ڕێژیم بە هۆی ئەوەوە کە کورد خاونی دەزگای ڕاگەیاندن نەبوو، توانی بەو چەواشەکارییانە سەرنجی خەڵکی ئێران بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و فەتوای جیهادەکەی خومەینی لە کوردستان بەڕێوە ببات.

ئەم چەواشەکارییانەی ڕێژیم لە سەردەمی ڕێفۆرمخوازیدا لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمەوە بە چەشنێکی دیکە دژی کورد بەڕێوە چوو. لەو سەردەمەدا ئەم چەواشەکارییانەی ڕێژیم پێچەوانە کرایەوە و ئەم جار ڕێژیم گوناحی ئاوەدان نەکردنەوەی کوردستانی دەخستە پاڵ خەباتی ئازادیخوازانی کوردستان و سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە ئەم تەبلیغاتەی بە کوردە ڕێفۆرمخوازەکان بەڕێوە دەبرد. واتە سەرەتای شۆڕش بەو تەبلیغاتە چەواشەکارانەیە هەموو ئێرانی دژی کورد هاودەنگ کرد و فەتوای جیهادی ڕاگەیاند، لە سەردەمی ڕیفۆرمیش لە کوردە بەکرێگیراوەکان کە لە ڕیزی ڕێفۆرمخوازان ڕێکخرابوون، بە تەبلیغاتی پێچەوانەی ڕاستیی دژی بزووتنەوەی کورد کەڵکی وەردەگرت.

ئێستا ڕێژیم بە تەواوی لە دۆخێکی نالەباردا و وەک دۆخی شەڕ دەژی، مۆرەیەکی گرینگی لە تاران پێتەختی ڕێژیم لە پەنای گوێی ڕێبەرانی ڕێژیمدا کوژراوە، ڕێژیم هێرشی هەمەلایەنەی هێناوە بۆ شاری بانە و دەیان کەسی بە تۆمەتی کوشتنی فەخریزادە دەستبەسەر کردووە، لە پڕێکدا مۆرەیەکی دیکەی خۆی دەنێرێتە سەر شاشەی تەلەفزیون و کورد وەک مرۆڤخۆر پێناسە دەکات! ڕێژیم لەم کاتەدا کە لە تاران لێیان داوە و دەشزانێ کێ لێی داوە، ناوێرێ لە بەرانبەر ئەو لایەنە هیچ بڵێ، بەڵام بۆ نیشاندانی هەیمەنەی خۆی تۆڵەی خۆی لە خەڵکی بێ تاوانی کوردستان دەکاتەوە. ئەو تەبلیغاتە ژەهراوییەش بۆ ئامادەکردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و پێکهێنانی کۆدەنگی لە نێو ئێرانییەکانە دژی کورد، بۆیە دەیهەوێ بە پڕۆپاگاندای چەواشە سیمای خاوێنی کورد و بزووتنەوەکەی هەرچی زۆرتر خەوشدار بکات!

# شەوی یەڵدا
# بۆتە یادێکی بەتەواوی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

محەممەد سلێمانی

شەوی پیرۆزی یەڵدا لە گەلی کورد و تێکۆشەران و ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ڕێبەری نەتەوەیی دوکتور» قاسملوو»ی مەزن پیرۆز بێت!

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ساڵانە بە ڕێزەوە لەو شەوەدا یادی لەدایکبوونی ڕێبەری گەورە و مێژوویی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات دوکتور قاسملووی مەزن دەکرێتەوە و بە ڕێگای جۆربەجۆردا ئەو یادە بەرز دەنرخێنن و «یەڵدا» کە درێژترین شەوی ساڵە، لەڕووی سیاسی و هزرییەوە بە تەواوی بۆتە بۆنەیەکی «گرینگی سیاسی و نەتەوەیی» کە داگیرکەری تارانی بەتەواوی نیگەران و پەشۆکاو کردووە.

گەلی کورد لەو بەشەی وڵاتدا، ئەو شەوە وەك دەرفەتێك کە تێیدا وەفاداری بە ڕێبەرەکەیان دەردەبڕن و بەڵێن لەگەڵ ئامانج و خەباتە ڕەواکەی نوێ دەکەنەوە دەبینن و دەڵێن: تا سەرکەوتن، بەو ڕێگا و ڕێبازە نیشتمانییە وەفادار دەمێننەوە و دژی ستەمی سیاسی و نەتەوەیی بەردەوام دەبن لە خەبات و تێکۆشان و پشتیوانی لە هەنگاوە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانی حیزبەکەی قاسملوو دەکەن کە بە درێژایی تەمەنی سیاسی و مێژوویی خۆی پێشڕەوی تێکۆشانی خەباتێکی ڕەوا و دێموکراتیکی نەتەوەیی کردووە.

شەوی یەڵدا جیا لەوەیکە بۆتە هەوێنی بەڵێن نوێکردنەوەی گەلی کورد لەگەڵ هزر و ڕێبازی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو،بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرینگی و تایبەتمەندی سیاسی ئەوتۆی وەرگرتووە کە دەرفەتێکە بۆ هاوخەباتی و یەکگرتوویی سیاسی و هەوڵدان بۆ دارمانی حکوومەتی ئاخوندی کە بۆتە هۆکاری گەورەی قەیرانی سیاسی و بەسەریەکدارمانی ژێرخانی ئابووری و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و لەبەریەك بڵاوبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گەلانی وڵات بە هۆی هەژاری و بێدەرەتانییەوە.

شەوی یەڵدا بۆتە بۆنەیەکی بەتەواوی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بەشێکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە، بە ڕێز و پێزانینەوە یادی دەکەنەوە لە بەر ئەوەی ڕاست لەو شەوەی ساڵدا د.قاسملوو کە پاشان بوو بەو سیما دیار و تێکۆشەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاوی بەدنیا هەڵێناوە و وەك ڕێبەرێکی گەورەی سیاسی و نەتەوەیی توانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بەهێز و بەربڵاو بکات و بەشێکی بەرچاوی ئازادیخوازانی کورد و ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری سیاسی و سەربەستی کوردستان لە دەوری بەرنامەی ڕوونی سیاسی حیزبدا کۆبکاتەوە.

د.قاسملوو سەرەڕای ئەو هەموو کەندوکۆسپەی کە لە نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا دەهاتە سەر ڕێگای تێکۆشانی، بەڵام کۆڵی نەدا و سەرەنجام جگە لە بەهێزکردن و وەسەریەکخستنی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان، هەنگاوی گەورەی لە بواری وشیاری سیاسی و نەتەوەییدا هەڵگرت و بە جۆرێك خەباتی کرد کە «حدکا»ی کردە هێزێکی کرداری و بە تەواوی سەربەخۆ و لە بەستراوەیی سیاسی و تەشکیلاتی بە لایەنی تری کوردستانی و ئێرانی بەتەواوی پاراستی و خستیە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی لە پێناوی ئامانجە سیاسی و نیشتمانییەکاندا.

دژواری و ڕۆژەسەختەکانی تێکۆشان نەیانتوانی شوێن لەسەر ئیرادە و خۆڕاگری و ئەو باوەڕە قووڵەی بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی هەیبوو لە بەرخۆدانی نەتەوەیی دایبڕێت و لە حیزب دایبڕێت. بەداخەوە زۆر جار لە نێوخۆی حیزبیشدا هێرشی دەکرایە سەر و لەژێر بیانووی جیاجیادا هەوڵیان دەدا لە حیزب دووری بخەنەوە بەڵام وشیاری و بەرچاوڕوونی تەشکیلاتی حیزب و تێکۆشەرانی حدکا، ڕێگرییان لەو گەلەکۆمەیە دەکرد و بەردەوام پشتیوانیان لە هەنگاوە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی د.قاسملوو دەکرد و پێگەیان زیاتر بەهێز دەکرد.

د.قاسملوو سەرەڕای پێگە و ئەو توانا سیاسی و زانستییەی هەیبوو،مرۆڤێکی سەرڕاست و بوێر و جەسوور بوو لە بڕیاردانی سیاسی و تەشکیلاتیدا، کولتورێکی پێشکەوتووی سیاسی و ڕێکخراوەیی هێنایە نێو ڕیزەکانی حیزب و بەو جۆرە دەرفەتی فرەڕەهەندی و گەشەکردنی بیروڕای جیاوازی ڕەخساند بەچەشنێک کە کەس مافی ئەوەی پێنەدەدرا مافی هاوڕێکانی پێشێل بکات.

حیزبی بە ژیری و مودیرییەتێکی بەکۆمەڵ ئیدارە دەکرد و فرەڕەهەندی زەمینەی گەشەکردن و بەشداری چالاکانەی بۆ گشت لایەک ڕەخساندبوو. ڕێبەری گەورەمان وەك مرۆڤێکی سیاسی و نەتەوەیی بەتەواوی هەستی بە دوارۆژی سەختی تێکۆشانی نەتەوەیی کردبوو. لە کاتی دیدار و کۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتیدا، کەم واهەبووە بە شان و باڵای خۆی و قورسایی و کاریگەری خەباتەکەیدا هەڵبدات و بەردەوام تێدەکۆشا بە باشترین شێوەی گونجاو بەدژی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی تاران خەبات بکات.

هەوڵی زۆری دا خەباتی گەلی کورد بە بزووتنەوە دێموکراتیك و سەرانسەرییەکانی ناوچەیی و گێتی لێك گرێ بدات و لەو بارەوە سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد. بەحەق د.قاسملوو بە هۆی سروشتی سیاسی و ئەو ژینگەی کە تێیدا پەروەردە ببوو، وەك ڕێبەرێکی گەورە و هاوچەرخی سیاسی و مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆڵی دیار و مەزنی لە نێو جولانەوەی سیاسی کوردستان کەوتە سەرشان و لەبەرامبەر داگیرکەری تاراندا زۆر بوێرانە بڕیاری سیاسی و بەرگری دا و هەرگیز شۆڕشی کوردستانی گرێدراوی جووڵانەوەیەك یان هێزێکی نادێموکراتیك و دژەئازادی و فرەنەتەوەیی نەکرد و ڕێچکەی خەباتی خۆی بەتەواوی هەڵبژاردبوو.

هەر لەخۆوە و بە هەڵکەوت نەبوو کە د.قاسملوو بە ڕۆحی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و دێموکراتیکی کورد ناسراوە و بۆتە سەرچاوەی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی وڵاتدا و بیروباوەڕی نەتەوەیی بۆتە هەوێنی خەباتێکی درێژخایەن لەو بەشەی وڵات.

بێگومان ئاسۆی ڕوانینی کۆمەڵگای کوردستانی سەبارەت بە داهاتووی سیاسی وڵات بەتەواوی گۆڕی و ئەو وشیارییەی بڵاو کردۆتەوە کە لە نێوان مەودای هەر هەنگاوێکی بەرخۆدانی سیاسیدا، هزر و ڕێبەری گەل خۆی دەنوێنێ و لە جەوهەری سیاسی تێکۆشاندا بەلاڕێدا نەڕۆین.

لە دژوارترین قۆناغی سیاسی و مێژوویی کوردستان و ئێراندا ڕێبەری بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی و جەماوەری و مافویستی بەدژی فیتنەگێڕترین و سەرسەختترین دوژمنی گەلی کورد کە ناوەندی بڕیاری سیاسی تارانە دەکرد و توانیبووی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆر بخاتە نێو دڵی کاربەدەستانی ڕێژیم و پایەکانی دەسەڵاتی بەتەواوی بەرەو لاوازی بردبوون و شەقامی ئێرانی بەگشتی خستە سەر ڕێچکەی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی و بە هەوڵ و خەباتی بێوچانی، ڕەهەندە نەتەوەیی و ڕزگارییەکانی زیاتر بەهێز کردن و چەمکی فرەنەتەوەیی و فرەڕەهەندی بەتەواوی سەلماند و ئەو هەستەی لە نێو گەلانی تری وڵاتیشدا سەری هەڵدا کە بەڵێ جگە لە نەتەوەیی حاکم بەسەر چارەنووسی سیاسی و ئیداریدا، گەلانی تریش بوونیان هەیە و ئێران وەك پێکهاتەیەکی سیاسی و نەتەوەیی، پێویستە بەشێوەیەك بەڕێوە ببرێت کە نەتەوەکانی وڵات بە گشتی هەست بە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانیان بکەن.

د.قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە و خاکی و کرداری و بوێر بوو لە دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەییدا و هەر لەو کاتەشدا دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی سیاسی و نێوبەدەرەوە و ناسراو بوو و دۆستەکانی بەگشتی بایەخی زۆریان بە سەرنج و بیروڕاکانی دەدا و بە مرۆڤێکی شایستە و شیاوی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتیوانی لێکردنێکیان دەزانی و هەر لە بەر ئەوەشە کە لە گەرمەی خەباتی سیاسی و چەکداری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕێکخراوە سیاسی و ڕاگەیاندنەکانی دەرەوە بە بەردەوامی پێیان لە کوردستان بوو.

گەلی کورد وەك وەفایەك بۆ گەورەپیاوێکی مێژووی هاوچەرخی سیاسی خۆی بە گرینگییەوە دەڕوانێتە ئەو شەوە و بەڕێزەوە چاو بە وێستگە گرینگ و جەوهەرییەکانی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی بەرخۆدانی نەتەوەیی ڕێبەری گەورە د.قاسملوودا دەگێڕن و دەمێکە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بڕیاری خۆیان داوە کە بە کردار درێژەدەری ئەو ڕێچکە سیاسی و نەتەوەییە دەبن کە لەسەر بنەمای جەوهەری هزری ڕێبەرانمان خەملێندراوە. کەس وەك د.قاسملووی نە پێدەکرێ و نە دەگاتە ئەو ئاستە لە زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی. قاسملوو مرۆڤێکی بەورە و نەتەوەیی بوو، بە لێدان و بەرکەوتنێکی بچووکی دوژمن ئەژنۆی نەدەچەمایەوە و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە هەڵوێستی سیاسی نەدەگۆڕی و وەك ڕێبەرێکی بلیمەت و خەباتگێڕ لە هیچ سەختی و ناخۆشییەك نەدەپرینگایەوە و، بە بیری تیژی و ڕوانینی وردی سیاسی و باوەڕبوون بە حەقانییەتی مافی ڕەوای گەلەکەی، پێشڕەوی کردنی خەباتی بە سەربەرزییەوە گرتە ئەستۆ و شکۆی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ گێتی سەلماند و بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە پێشڕەوی ئەو بزووتنەوە سیاسی و جەماوەرییە کرد و بە هەنگاوەکانی پێتەختی بڕیاری ئێرانی لە دارمان نزیك کردبوویەوە.

د.قاسملوو بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن، شۆڕشی شاخ و سەنگەری خۆڕاگری و لوتکەی بەرزی چیاکانی کوردستانی هەڵبژارد و بۆ بەدەستهێنانی خوانێکی گەرم ئاوی بەدەستی کۆنەپەرستانی قوم و تاراندا نەکرد و هەر قاسملووش بوو لە پێناوی بیر و هزری سیاسی و نەتەوەییدا، لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی بڕیاری تیرۆرکردنی درا و بەداخەوە کاکۆڵی شەرەف و جەستەی ماندووی شەلاڵی خوێن کرا. دۆست و دوژمن ئەو ڕاستییە دەزانێت کە لە سەردەمی د.قاسملوودا، حیزبی دێموکرات وەك هێزێکی بنەڕەتی و کاریگەری گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کوردایەتی، گەورەترین مەترسی لەسەر پێگەی سیاسی و نیزامی و ئەمنیەتی ڕێژیمی دژی گەلی تاران دروست کردبوو، هەر بۆیەش بەخێرایی بیریان لە تیرۆرکردنی کردەوە.

وەختێك دەگوترا کە کوردستان قەڵای خۆڕاگری و میحوەری دێموکراسی و بەرخۆدانی نەتەوەییە، ئەوە د.قاسملوو بوو کە کوردستانی کردە قەڵای خۆڕاگری و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی!

**سڵاو لە سەردار و هزری ڕزگاری نەتەوەیی، دوکتور قاسملووی هەردەم لە ڕێبازدا زیندوو.**
**شەوی یەڵدا لە خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزب و وەفادارانی پیرۆز بێت.**

> **شەوی یەڵدا جیا لەوەیکە بۆتە هەوێنی بەڵێن نوێکردنەوەی گەلی کورد لەگەڵ هزر و ڕێبازی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو،بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرینگی و تایبەتمەندی سیاسی ئەوتۆی وەرگرتووە کە دەرفەتێکە بۆ هاوخەباتی و یەکگرتوویی سیاسی و هەوڵدان بۆ دارمانی حکوومەتی ئاخوندی**

# ڕۆڵەی باڵابەرزی یەلدا

سارێژ موکریانی

یەڵدا جیاوازترین شەوی ساڵە، شەوێکی کەڵەگەت و قەترانی، سەرقافڵەی شەوانی بەفر و سەرما و بەستەڵەک، یەکەم شەوی چللە. شەوێک کە هەموو جوانی و دزێوی لە هەناوی خۆیدا شاردۆتەوە. شارەزای بواری دەوێ بواری بزانێ و بواری نەدا و هەڵاوێرێ. شەوێک کەڵەگەتتر لە سێسەد و شێست و پێنج شەوی هاوڕێی! لە وەها شەوێک ڕێبەری هەڵکەوتەی کورد، مێعماری دارشتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دایک بوو. ئەو ڕۆڵەی باڵابەرزی یەڵدا بوو، بە ئیلهام لە سروشت و یەڵدا لەگەڵ سەختیان ڕادێت، تاریکیان دڕ پێدەدا و سەرما و گەرمای ڕۆژگار دەچێژێ و هەموو جوانی و دزێوییەکانی کۆمەڵگا و دۆست و دوژمنان دەسنیشان دەکا و بەرزتر لە هەموو دەوروبەر سەرێک لە سەران دێتەدەر. داستان و ئەفسانە و حەکایەتەکان گوێ دەداتێ و تەتەڵەیان دەکا. لە بەهار و هاوینی زەینی کورد کام بەرهەم پڕ بەرامە و خۆشە! دەستچن دەکا و لە کۆشی چاولەدەستی دایکی نیشتمانی دەنێ، لە گوێی ئاگردانی شەوی یەڵدا ڕێگای بەربەرەکانی و شکانی دێوەزمەی تاریکی بۆ جیلی نوێ ڕادەگوێزێ. بە بەرهەمی تازە و خۆماڵیانە ڕایان دێنێ! سێوی ورمێ و هەنی دەشتی شارەوێران و مێوژە ڕەشەی ئالانێ و گوێزی هەورامان و هەناری جافایەتی بۆ شەوچلەی خەباتگێڕان سفرە دەڕازێنێتەوە. بۆوەی هەم بەهەڤرا بڵێین: سامتان نامانگرێ شەختە، سەرما، بەفر و تۆفان، کرێوەی گڕ، شەوەزەنگ، ئەی تاریکی! وەخەبەرین، هندک نادەین تا ڕووناکی!!

ڕۆڵەی باڵا بڵندی یەڵدا، ئەو زانا و دانا و بلیمەتە، پاش ناسینی دەوروبەر و خۆناسین و خۆناساندن لە گۆڕەپانی ڕامیاری و ئابووری دنیادا، ئەسپی دێنێتە جۆڵانێ و لە بەرامبەر دوو ڕەوتی گەورەی جیهانی دێتە مەیدان. لە بەلاڕێداچوونیان وریایان دەکاتەوە. بەرژەوەندی، گوێچکەی کەڕە. بە کردەوە بە تیۆری نیشان دەدا لەهەمبەریان قسەی هەیە لەبۆ گوتن. ئەوەش وایکرد، سوارچاکانی ئەو مەیدانە ئەوانەی لەسەر و شارەزانە، ئەو بە هەڵکەوتە و دەگمەن و شاسوار لە قەڵەم بدەن. ئەوان بێ‌هۆ قسە ناکەن، دەزانن ئەو سەرچاوەی ئەندێشە و باوەڕە، شۆڕشگێڕە. «شۆڕشگێڕیی» لە نوێ تاریف دەکاتەوە؛ بە تاریفێکی شیکارانە. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لە ئاکار و کردەوەدا. ئەوەش وایکرد لە گۆڕەپانی ڕامیاری جیهاندا هەموو ئیکلامی بۆ بکێشن، ئەوەندی دۆست هەبن لەوێ ناسراوتر بێ هەتا ئێرە!!

ڕۆڵەی ڕۆژانی سەخت و شەوی ئەنگوستەچاو ڕێی نیشتمان دەگرێتەبەر، ئەگەڕێتەوە کە دێتەوە لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستێ، پاڵ وەچیاوە دەدا و ئیمانی پۆڵایینی بە ڕێبازەکەی دەبێ. گەڕاوەتەوە، دنیایەکی نوێ بۆ گەلە داماوەکەی بخولقێنێ. دەستی پڕە لە سەوزایی، گوڵی پڕدانی گەنم، شادی و خۆشی. ڕووناکایی، هەموو سوچ و قوژبنەکانی جوان و دزێوی گەل و دەرودراوسێ و دوژمنی هەڵێنابوو! باش دەیناسی! بۆیە هەنگاوەکانی ورد و پتەو و ژیرانە هەڵدێناوە! حیزب دەبووژێنێتەوە لە سەر ڕێبازی ئازادی و ڕزگاری، بەرزی دەکاتەوە بۆ حیزبێکی مۆدێرن، بە جیهانی بەرەو ئامانج. ئەو لە جیهانەوە گەڕابۆوە بۆ نیشتمان، ئەو لە بەجیهانیبوونەوە هاتبۆوە بۆ نێو خۆمان! بە باڵی ناسیونالیزمە بەرچاوتەنگەکەی نا، ئەوی شیلەوتینی!

لەدایکبووی شەوی یەڵدا، شەوی چلە، گەلێک تایبەتمەندی هەبوون بە هەزاران، لە سەر لوتکەی عەقڵانییەتی ڕامیاری و ئابووریدا نەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جیهانا خاوەن «ڕا» بوو، ڕایەکانی ئەندێشەکەی دنیای ڕووناک کردبۆوە ؛لە دەرەوە باش ناسرابوو بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوینا و لە ئێران و لە کوردستان پاش چەند دەیە! بەدرەنگەوە هەستیان پێکرد، شادەیان پێدەهێنا! سوور دەبوون و دەهاتنە دی و لێیان وەڕاستگەڕان! لە ڕۆژهەڵاتی ناوینا هیچکەس لە ئەو تێپەڕ نەبووە! هێشتا تێپەڕ نەبووە! بۆیە کە هاتەوە ئاسۆی نیگای زۆربەی جیهان مەیلەوسوور بوو! ئەو لە ڕەنگی عاسمانی شین دەریای بێسنووری کوردان. شین شین.

ڕۆڵەی یەڵدا زۆر دووربین بوو. تەنیا بیری ئەوڕۆی نەبوو، لە خەرمانی ڕابردووی کورد دادەمەزرێ و مالۆسکەکان زۆر بە وردی باڵەکەو و قونەکەو و شەن و بێڵ دەکا. دەغڵی پوخت و خاوێن ڕسقی حەڵاڵ لە سەر سفرەی گەلی بە دەستەوار بە نردوویی هەڵدەچنێ! ئەمڕۆ تێروتەسەل سبەینێشی لە بیر دەبێ، بیری سبەیشی لە بیر بووە! پاشەکەوتی هزر و بیری بۆ هەمیشە لە زەینی گەلی خۆیا عەنبار دەبێ، ناسڕێتەوە، نابڕێتەوە، چوونکە هزری، سیاسەتی ستراتیژە زۆر کەم گۆڕانی بۆ هەیە! تا گەیشتن بە ئامانجی دیار هەر ڕاوەستاو، بەرقەرارە.

بۆ دوارۆژیش سوسیالیزمی دێموکراتی، دادی کۆمەڵگایە، بە هاوسانی لە گشت بوارەکانی ژیانی کورد مسۆگەرە! ڕێبازێکی داهێناوە لە قۆناغی گوزار، پێگەیشتن، پاش ڕزگاری و بەنەهادبوون میللەت تووشی قەیران نابێ، ناکەوێتە سەر بۆشایی، تووشی دەربەند نابێ! ئەوەیە ڕێبەر و زانا و دانا و بلیمەت و هەڵکەوتەی لەدایکبووی شەوی یەڵدا. هەی ئافەریم ڕۆڵەی سەربەرز و کەڵەگەتی یەڵدا. پیرۆزی یەڵدا. خۆشەویستی یەڵدا



# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی بیست و چوارەم

### ٥,٩ پێداچوونەوەیەکی خێرا و گشتی بە سەر بەندی پێنجەمدا

دەروونناسی ئەرێنی بنەمایەکی زانستییە لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا و پرسیارە گرینگەکانیش بریتین لە:
- چۆن و بە چ شێوەیەک یارمەتی تاک، گروپ(تیم) و ڕێکخراو بدرێ بۆ گەشانەوە و گەشەکردنیان؟
- چ شتێک نرخ و بایەخ بە ژیان دەدات؟

وڵامی گشتی ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە: بۆ ئەوەی بە ئاکام و ئامانجی باش بگەین و بایەخ بدەین بە شێوازی ژیان کردنمان دەبێ کار بکەین لەسەر ئەوەی بە ئەرێنی بیربکەینەوە، هەستەکانمان ئەرێنی بن، ڕەوشت و کرداری ئەرێنیمان هەبێت و بتوانین لە نێوان خۆخۆشەویستی و خۆپەرەستی (لوتبەرزی)دا هاوسەنگی دروست بکەین. ئەوە شتێکی سروشتییە کە مرۆڤ خاوەنی هەست بێت؛ بەڵام چۆن دەتوانین سەروەری هەستەکانمان بین یان هەستەکان لە ژێر کۆنترۆڵماندا بن؟ لەوانەیە وڵامدانەوە بەو پرسیارە زەحمەت بێت و بەپێی بۆچوون و ڕوانگەی مرۆڤەکان بگۆڕدرێت بەڵام وڵامی من بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە کە دەبێ شارەزاییمان لەسەر چۆنیەتی هەستەکانمان هەبێت، بزانین هەست چییە و سروشت یان جەوهەری هەست چۆنە؟ شارەزا بین لەسەر تیۆرەکانی هەست، چ هەستی سروشتی و ئاسایی و چ هەستی ئاکار و ڕەوشتمان. زۆرجار هەستەکانن کە هەڵسوکەوت یان ئاکار و کردەوەکانی ئێمە دەستنیشان دەکەن. زۆربەی ئەو هەڵانەی تووشیان دەبین بەهۆی هەستەکانمانەوەن. نابێ ڕێگە بدەین هەستەکانمان وەپێش عەقڵ و لۆژیکمان بکەون، دەنا نەک هەر بەرهەم و ئاکامەکانمان باش نابن بەڵکوو هەڵسوکەوتەکانیشمان دەبنە هەڵسوکەوتێکی درۆیی و خەیاڵی. ئەو کەسانەی عەقڵ و لۆژیکیان بەسەر هەستەکانیاندا زاڵە زۆر ئاسان دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان خۆخۆشەویستی و خۆپەرەستیدا دروست بکەن. ئەو دوو وێنەی خوارەوە کۆبەندێکە لە کۆی وێنەکان و لە بەشەکانی پێشوودا شی کراونەتەوە.

وێنەی سەرەوە: ڕاهێنان کردن لەسەر دەروونناسی ئەرێنی بۆ ئەرێنی بیرکردنەوە، و بەهێزکردنی هەستە ئەرێنییەکان، وردبین و وشیاربوون. بیرکردنەوەی ئەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی هەستەکانیش ئەرێنی بن. هەبوونی هەستی ئەرێنی هۆکارە بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت ئەرێنی بێ. کاتێک هەڵسوکەوت ئەرێنی بوو ئەوە ئاکام و دەستکەوتەکانیش ئەرێنی دەبن. یانی ئەو چوار خاڵە بەردەوام بەشێوەی بازنەیی بە دەوری یەکتردا دەخولێنەوە.

وێنەی خوارەوە: ئەگەر بمانهەوێت داهاتوویەکی باشتر لە ئێستامان هەبێت دەبێ کاری بۆ بکەین و بۆ ئەوەش پێویستمان بە هەبوونی توانا و لێهاتوویی هەیە. هەبوونی توانا و لێهاتوویی بۆ:
- بۆ بەرگەگرتنی سەختی و دژوارییەکانی سەر ڕێگای گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو.
- بۆ دۆزینەوەی کەندوکۆسپ یان بەربەستەکانی سەر ڕێگا و چارەسەرکردنیان.
- بۆ ئەزموونوەرگرتن لە هەڵەکان و دانانی پلانی باش و کاریگەر.

ئەو توانا و لێهاتووییەش ئەگەر هەمانە دەتوانین لە ڕێگای ڕاهێنەری توانا و لێهاتووییەکانمان بەهێزتر بکەین و ئەگەریش نیمانە وەدەستیان بێنین. بەپێی ئەو دوو وێنەیە واباشە، ئەو تێڕوانینەمان هەبێت کە شێوازی بیرکردنەوە و هەست و ڕەوشتەکان بنەمای ژیانن و کاریگەرییان هەیە یان هۆکارن بۆ ئەوەی بناخەیەکی توند و قایم هەبێت بۆ ژیان کردن. گرنگترین ئامێر لە نێو دەروونناسی ئەرێنیدا، پێناسەکردن و گەشەدانە بە توانا و لێهاتووییەکان و لە هەمانکاتدا بەکارهێنان یان کەڵکوەرگرتن لەو تواناییانەیە.

### بەندی شەشەم:
### پلاندارشتنی کۆئەندامی هەستە دەمارەکانی تایبەت بە مێشک و زمان

مێشک و هێندێک گومان یا فەرز

مێشک یەکێک لە هەستیارترین، ئاڵۆزترین و گرنگترین کۆئەندامی دەماری لەشی مرۆڤە. بەپێی توێژینەوەی زانایانی ئەو بوارە، مێشک زیاتر لە سەد میلیارد دەمارخانەی تێدایە و هەر یەک لەو دەمارخانانە پێوەندیان بە زیاتر لە حەوت هەزار دەمارخانەی دیکەوە هەیە و ئەرکیان گواستنەوەی فەرمان و زانیارییەکانە. مێشک ناوەندی کۆنترۆڵی ئەندامەکانی لەشە و ئەو شوێنەیە کە بیرکردنەوەکان، یادەوەرییەکان و هەستەکانمان تێیدا بە پرۆسە دەکرێن.

بۆ یەکەم جار Paul Donald MacLean (١٩١٣ – ٢٠٠٧) دوکتوری کۆئەندامی هەستەدەمارەکانی ئەمەریکایی باسی ئەوەی کرد کە مێشکی مرۆڤ لە بنەڕەتدا سێ مێشکە لە نێو مێشکێکدا، یانی مێشکی مرۆڤ لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە وەک:

١.مێشکی لۆژیکی/ بیرکەرەوە(Thinking Brain): لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە لەسەر ڕاستییەکان دەکات، بڕیاری کۆتایی و مافی هەڵبژاردن دەدات.

٢.مێشکی هەست و سۆز(Emotional Brain): ناوەندی هەستەکانە وەک هەستی خۆشی، هەستی ناهۆشیاری، هەستی ترس، هەستی ئێش و ئازار و ناخۆشی.


٣.مێشکی خشۆکە (Reptilian Brain): ئەرکی جێبەجێکردنی ڕەفتار و کردەوەکانە و لەژێر فەرمان یا ڕکێفی بەڕێوەبەری مێشکی بیرکەرەوە و مێشکی هەست و سۆزدایە. وێنەی خوارەوە سێ بەشی پێکهاتەی مێشک نیشان دەدات.

تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەوردی و ڕوونی ڕاینەگەیاندووە کە مێشک چۆن کار دەکات بەڵام دەتوانرێ بە چوار شێوازی جیاوازدا دابەش بکرێ، وەک: نیوەبەشی لای ڕاست و نیوەبەشی لای چەپ، سیستمی کۆنترۆڵ و کۆئەندامی دەمارەکان.


Sir John Whitmore (لە دایکبووی ١٩٣٧) یەکەم بەڕێوەبەر و سەرۆکی ڕاهێنەرەکانی ئینگلستان دەڵێت: ‹›من تەنیا توانا و لێهاتوویی کۆنترۆڵ کردنی ئەو شتانەم هەیە کە خۆم لێیان شارەزام، بەڵام ئەو شتانەی کە من شارەزاییم لەسەریان نییە، من کۆنترۆڵ دەکەن.››

بەپێی توێژینەوە زانستییەکان، مێشک و جەستەی دوو کەس هیچ کات وەک یەک نین. مرۆڤ چۆن دەتوانێ مێشک و جەستەی خۆی بەکار بێنێت؟ هەر کەسەو بۆ خۆی لە ڕێگای زانیاری و تێگەیشتنی دەتوانێ وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی مێشک ناوەندەکانی مێشک بەردەوام لە گەشەکردندان؛ چ لە ڕوانگەی پێشکەوتنەوە و چ لە ڕوانگەی پرۆسەی ژیانەوە. مرۆڤەکان دەتوانن گەشە بە خۆیان بدەن و زیاتر و زیاتر دڵسۆز و خاوەن بەزەیی بن، گەشبین و دڵخۆش بن، بەدوای دۆزینەوەی ڕێگای باش و چاکەکردندا بن. مرۆڤ دەتوانێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی زیاتر لە سیستمی هێمنایەتی و ئارامی مێشکی کەڵک وەرگرێت، ئەگەر نەتوانێت ئەو کارە بکات بەردەوام لە دڵەڕاوکێ، شڵەژان و گوشاری دەروونیدا دەبێت. مێشکی هەست و سۆز، زاڵبوونی بەسەر بەشەکانی دیکەوە زۆرە و لە زۆر بەشی جیاواز پێکهاتووە وەکوو:


●ترس و خۆشی
●خراپە و چاکە
●سیستمی هێمنایەتی و زۆرلێکردن




یان بارودۆخی چۆنیەتی بێدەرەتانبوون
●گەشبینی و ڕەشبینی
●خۆبینی، کەسێک کە ئۆگرەتی بە دابینکردنی ویست و داخوازی خۆیەتی، بە بێ لەبەرچاوگرتنی





قازانج و زیانی خەڵکانی دیکە.
●خەڵکبینی، دڵنەرم و بەبەزەیی یان خەڵکویست (پێچەوانەی خۆبینییە، لە خاڵی سەرەوەدا)
●سیستمی بزوێنەر، بەدوای ئاسوودەییدا دەگەڕێ (دۆخ یا چۆنیەتی نەبوونی مەترسی و پەشێوی) و هەروەها دۆزینەوەی هۆ(ئەنگێزە) بۆ کار






و ڕەوتی ژیانێکی ئارام و ئاسودە
●سیستمی هەڵسەنگاندن و دانی شانسی بەپەلە چ بۆ خەڵاتکردن و چ بۆ سزادان.

بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر پرۆسەی دەروونناسی ئەرێنی و کەڵکوەرگرتن لەو پرۆسەیە، مرۆڤ دەتوانێت زیاتر پێوەندی لەگەڵ ناوەندی خۆشی خۆی لە مێشکدا بگرێت و بەشێوەیەکی ئەرێنی و گەشبینانە گەشە بە خۆی بدات. ئەوەش




تەنیا بە قسە و هەست کردن نابێت! مرۆڤ دەبێ ڕاهێنان بە خۆی بکات و لە ڕێگای ڕاهێنانەوە دەتوانێ ببێ بە مرۆڤێکی دیکە و زیاتر خۆشی لە ژیان وەربگرێت.

### ٦,١ بیرکردنەوە و هەستەکان

ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی هزری و زەینی ئێمەیە کە تێڕوانین و لێکدانەوەمان لەسەر جیهان بە گشتی و ژینگەی دەوروبەرمان دەستنیشان دەکات و هۆکاری دروست بوونی هەست و کاردانەوەمانە لە پرۆسەی ژیاندا. هەروەک شاعیر و شانۆنامەنووسی بەناوبانگی ئینگلیزی William Shakespeare (١٥٦٤ – ١٦١٦) دەڵێت: ‹›هیچ شتێک خۆی لە خۆیدا چاک یا خراپ نییە بەڵکوو ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە کە شتەکان بە چاک یا بە خراپ لێکدەداتەوە و هەروەها ژیان هەر ئەوەیە کە ئێمە مرۆڤەکان بە بیرکردنەوەکانمان دروستی دەکەین.››

نموونەی سوار و فیل هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا، مێشک ئاڵۆزترین کۆئەندامە. بۆ ئەوەی بە باشی لە بیرکردنەوە و هەستەکانمان تێبگەین، واباشە لە میتافۆرێک (یانی دوو وشە کە لە وێکچووندا وەک یەک مانا نادەن) کەڵک وەرگرین وەکوو: «سوار» هێمایە بۆ بیرکردنەوە. «فیل» هێمایە بۆ هەستەکانی ئێمە. سوار دەبێ کات زۆر بەکار ببات بۆ ئەوەی فیلەکە بناسێت و فیلەکەش لەگەڵ سوارەکە ڕابێت. سوار دەبێ بزانێت چۆن لەگەڵ فیلەکە هەڵسوکەوت بکات و دەستی بەسەردا بێنێت. سوار دەبێ ئەوە بزانێت کە کەڵکوەرگرتن لە زۆر(توندوتیژی) هیچ یارمەتییەک نادات لەبەر ئەوەی فیلەکە زۆر لە سوارەکە بەهێزترە. سوار دەبێ فیلەکە دەستەمۆ بکات، ئەگەر وا نەکات کارەکەی زۆر قورس و بێ سەمەر دەبێت. کەواتە بیرکردنەوەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر هەستەکان و هەروەهاش هەستەکانیش کاریگەرییان دەبێ لەسەر بیرکردنەوەکان.

دەبێ بزانین ئەوە ڕاستیەتی نییە کە بەڕێوەبەری بیرکردنەوەکانی ئێمە دەکات بەڵکوو ئەوە شێوازی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئێمەیە لەسەر شتەکان یان بابەتەکان. بەر لە ڕوودانی ڕووداوێک با خەم و پەژارە داتنەگرێ، پرسیار ئەوە نییە کە تۆ چۆنی؟ بەڵکوو پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەتوانی تاقەت بێنی لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێکی ناخۆشدا؟ ئەگەر ئێمە زیاتر بە شێوەی ئەرێنی یان بەوردی و تەواو ڕاست قسە بکەین، ڕاستبین بین و بەڕاستی و ئەرێنی لەگەڵ خۆمان قسە بکەین و ڕووڕاست بین ئەوە کاریگەری لەسەر هەستەکانمان دەبێت. ئەو کات ئێمە زیاتر دڵخۆش و گەشبین دەبین و باشتریش دەتوانین بەسەر هەستە نەرێنییەکانماندا زاڵ بین. مەبەست لە قسەکردن لەگەڵ خۆت ئەوەیە کە کاتی تایبەت بۆ خۆت دابنێیت و بە تەنیا و لەگەڵ خۆت وتووێژێکی ئارام و هێمانانە بکەی. بۆوێنە «بەخۆداچوونەوە» بۆ ئەوەی بزانی ئەو کارەی کردوتە یا دەیکەی باشە یان خراپ؟ بۆ دەژیت و بۆچی دەبێ بژی؟ ئایا ئەو شتەی خۆت پێوە سەرقاڵ کردووە نرخی کاتەکەی هەیە؟ هۆکارەکانی ئەو کێشانەی بۆت هاتۆنەتە پێش چ بوونە و چۆن چارەسەریان بکەی باشە؟ پلانت بۆ داهاتوو چییە؟ و ...... هتد. لەو کاتەدا گەشبینی و ئەرێنی بیرکردنەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئەوەی بتوانی بەسەر کێشە و گرفتەکانتدا زاڵ بی، زیاتر هەستە نەرێنییەکانت کۆنترۆڵ بکەی. ئارامی زیاتر و چێژی زیاتر لە ژیان و ئەو شتانەی هەتە وەربگری.

دوو خاڵی سەرەکی لە بەڕێوەبەری هەست و سۆزەکانی ئێمەدا هەیە وەکوو:

١. «نەرێنی (نێگاتیڤ) بەهێزترە لە ئەرێنی (پۆزەتیڤ)»: لەو خاڵەدا دیتن و کاردانەوەمان لەسەر شتی نەرێنی زۆرترە تاکوو شتە ئەرێنییەکان. «بیر و کردەوەی خراپ بەهێزترە لە بیر و کردەوەی چاک.» ئەوە پێیدەڵێن مەیلی نەرێنی زۆرتر بوون. ئەو خاڵە لە زۆر مەڵبەند و ئاقاردا هەیە. بۆ وێنە دەڵێن ڕوونکردنەوە و باس کردن لەسەر سێ بابەتی ئەرێنی و خۆش ئاسانترە لەگەڵ ڕوونکردنەوە و باس کردن لەسەر یەک بابەتی نەرێنی یان ناخۆش.

٢.سیستمی ئارامبوون یان خاوبوونەوە و سیستمی وڵامدانەوەی لەنەکاو. سیستمی وڵامدانەوەی لەنەکاو، یارمەتیدەرە بۆ کاردانەوە یان دژکردەوەی خێرایی ئێمە لەبەرامبەر ترس و هەڕەشەدا. لەو کاتەدا هۆرمۆنی Adrenalin (کە لە خوێندایە) لە لەشدا بڵاو دەبێتەوە، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین کە بزانین چ ڕووی داوە، گوشاری زۆر دەکەوێتە سەر جەستە و ماسوولکەکان ڕەق دەبن. پەستان یان پاڵەپەستۆی خوێن زیاد دەبێت و لێدانی دڵ و هەناسەهەڵکێشان، توندتر دەبێت و کۆنترۆڵ بەسەرخۆدا کەم دەبێتەوە. ناوەند یان سەرچاوەی ترس و تووڕەبوون لە بەشێکی مێشکدا کە بە Amygdala ناودەبردرێت لە مێشکدا چالاک و هاندەر دەبێت بۆ ئامادەبوون و هێرش و پەلاماردان. بۆ ئەوەی لەو کاتانەدا گوشار یان پاڵەپەستۆی سیستمی وڵامدانەوەی ناکاو لە خۆمان دوور کەینەوە پێویستمان بە سیستمی ئارامبوون یان خاوبوونەوە هەیە. ئەو سیستمە وادەکات تا ئێمە لە دۆخی تەنگانەدا بێینەدەر. هۆرمۆنی ئارامبوونەوە Acetylkolin لە لەشدا بڵاو دەبێتەوە. دڵ بە ئارامی لێدەدات، پەستانی خوێن ئاسایی دەبێتەوە و ماسوولکەکان نەرم دەبنەوە. ئەوانەش دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی مرۆڤ پشووی لەسەرخۆ بێت و سەبر و تاقەتی (حەوسەڵەی) بێتەوە سەرخۆ.

ڕێنوێنی و ئامۆژگاری

بیربکەوە، مێشک چۆن کار دەکات، بیر لەو فیل و سوارە بکەوە کە لە پێشدا باسم کرد و هەوڵ بدە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ فیلەکە (هەستەکان) «شەڕ» نەکەی و تێبینی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکە:
- ئامانجێک بۆ خۆت دانێ.
- هێندێک جار بەشێوەیەکی قووڵ و بەربڵاو تێڕوانینت بۆ ژیان هەبێت.
- لە شوێنێکی بەرزڕا بڕوانە خۆت.
- باش بزانە چۆن بیر لە خۆت دەکەیەوە و چ بە خۆت دەڵێیت. شێوەی بیرکردنەوە لە خۆت و ئەوەی بە خۆتی دەڵێیت، لە داهاتوودا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی یا چاک و خراپی لەسەر خۆت دەبێت.
- تەنیایی خۆش نییە و ئێمە پێویستمان بە خەڵکانی دیکە هەیە بەڵام لەگەڵ ئەو کەسانە دۆست بە، کە وزەی ئەرێنیت پێ دەبەخشن.
- هەوڵ بدە فیل و سوارەکە پێکەوە هاوکارییان هەبێت. کاتێک شارەزایی و کارامەییت لەگەڵ داخوازی و ڕووبەڕووبونەوەکانت هاوسەنگ بوون، ئەوجار وەک ئاوی ڕەوان بە ڕێکوپێکی بەرەوپێش دەڕوێت. هەروەها فیل و سوارەکەش وەک دوو هاوڕێی باش لە تیمێکدا یاری دەکەن. فیلەکەت لە بارودۆخە ناخۆشەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری باش دەکات و هەروەها سوارەکەش بە ئاسانی دەرفەتەکان دەبینێت.
- تێڕوانین و سۆنگەی کەسایەتی خۆت بدۆزەوە، بزانە لە کوێ دەتوانی لە توانا و لێهاتوویی خۆت کەڵک وەربگری.

### ٦,٢ پرۆگرامسازی (بەرنامەڕێژی) زمانەوانی کۆئەندامی دەمارە هەستەکان Neuro-Linguistisc) Programming) NLP

زانینی شێوازی کارکرد و کاردانەوەی هەستە دەمارەکانی تایبەت بە مێشک و زمان گرنگییەکی بێوێنەیان هەیە و یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی باشتر لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی ڕۆژانەی خۆمان شارەزا و ئاگادار بین. هەر بۆیە پێش هەر شتێک واباشە زانیاریمان لەسەر NLPهەبێت.

NLP چییە؟

NLP کورتکراوەی وشەی ئینگلیزی Neuro-Linguistisc Programming کە هاوتای کوردییەکەی دەبێتە پرۆگرامسازی (بەرنامەڕێژی) زمانەوانی کۆئەندامی دەمارە هەستەکان کە بە فارسییەکەی دەبێتە( برنامەریزی عصبی کلامی).


NLP ڕووتینی گەشەدان بە کەسایەتی مرۆڤ و ڕەوتی قۆناغی سەرەتاییە بۆ گەیشتن بە ئامانج لە شێوازی قسە و یاری(کایە) کردندایە.

NLP لە ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن Richard Bandler ( ١٩٥٠ - ) نووسەر و مامۆستای خۆپێگەیاندن یان یارمەتی خۆدان (Self-help) و هەروەها زمانناسJohn Grinder ( ١٩٤٠ - ) داهێنراوە. ئەوان پێیان وابوو هەڵسوکەوتی مرۆڤ وەکوو: توندوتیژی، تووڕەیی و ئارامی پێوەندییان پێکەوە هەیە و دەتوانین لە ڕێگای ئەزموونەوە، پرۆگرامسازی یان بەرنامەڕێژیان بۆ بکەین. ئەوەش یارمەتیدەر دەبێ بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجێکی دیاریکراو، لەو ڕێگایەشەوە دەتوانین ئاڵوگۆڕ بە ڕەوتی ژیانی خۆماندا بێنین بۆ ئەرێنیتر و باشترکردنی ژیان. لەڕاستیدا وڵامدانەوە بەو پرسیارە کە NLP چییە ئاسان نییە بەڵام کەم تا زۆر بە شارەزابوون لەسەر بنەماکانی NLP دەتوانین تا ڕادەیەک بە وڵامی پرسیارەکە بگەین.

بنەماکانی NLP کامانەن؟ .........

# یەلدای هەتوان

**«چریکی پیر»**



چراکانی بەر هەیوانی عەرشی خودا رۆشن دەبن،
مانگ و خۆر بە جووت دەستی خەیاڵان دەگرن.
لە کاکێشانەکانی تری نەبیندراوی دروستبووی دەستی  خودا،
بوونەوەرەکان بە کەشتییەکی ئاسمانی بە ئاڵایەکی سپییەوە،
هەمووان روویان کردۆتە زەوی لە شەوێکی سارد،
خودا پێغەمبەرێک بە پێغەمبەرەکانی تری زیاد دەکا،
پێغەمبەرێک بلێسەی رەهایی و ئازادی لەنێوان دەمار و دڵدا  لە
گەراندایە
پێغمبەرێک بۆ هەموو سەردەمەکان،
پێغمبەرێک کە تۆوی عەداڵەتی لە دەستی خوداوە وەرگرتووە،
پێغمبەرێک کە باڵەکانی لە ئاشتی و دلۆڤانی،
دەستەکانی لە بەزەیی و رەحم،
قاچەکانی لەو هەنگاوانە دروست بووە کە فریشتەکانی خودا رێگای
سەرکەوتن بۆ عەرشی بەرینی خودای پێ دەپێون،
یەڵدا،
حیکایەتێکی درێژە،
یەڵدا داستانی ئەو هەنگاوانە دەگێرێتەوە کە قاچەکانی پەرین،
چیرۆکی ئەو ماچە شەهیدانە دەگێرێتەوە کە لێوەکانیان بە ئەسید
رازاندەوە،
یەڵدا دژەژەهرێک دروست دەکا کە تاعوونە چەندهەزار ساڵەکانی
ئەو نیشتمانە دەست و قاچ بریندارەی پێ ریشەبڕ دەبێت،
یەڵدا لێقەومانێکە بۆ دوژمنانی ئاشتی،
یەڵدا نەهامەتییە بۆ نەمامبڕەکانی ئازادی
شەقامی شارە وێرانەکانی نیشتمان لەو شەوەدا
پڕ دەبن لە پەپوولە و مۆم،
پڕ دەبن لە وێنەی ئەو پیاو و ژنانەی سەریان لە تێغی
ناعەداڵەتییەوە تێپەڕ بووە،
ئومێدێک بۆ هاوارە بێهاناکان،
هیوایەک بۆ حەنجەرە براوەکان،
داهاتوویەکی گەش بۆ ئەو قەڵەمانەی خۆیان لە بن کەڵپە بەرد
و رەوەزی ساردی کوێستاندا حەشار داوە،
لێدانی دڵێک بۆ ئەو عەشقانەی بە زەبر و زۆری نێونیان
هەڵوەشاوە،
قەتماغەیەک بۆ ئەو برینانەی لەوەتەی مرۆڤ هەیە سارێژ
نەکراون،
یەڵدا
شەوێک وەک هەموو شەوەکانی تری نیشتمان
بەو جیاوازییەی
رووناکییەک لە لێواری پەنجەرەی ماڵاناوە سەر دەکاتە ژوور،
دەبێتە نان،
دەبێتە ئاو،
دەبێتە پێخەف،
دەبێتە دالانێک بۆ رۆیشتن لە بەدبەختییەوە بۆ بەختەوەری،
شەوێک وەک هەموو شەوەکانی تری نیشتمان،
بەلام ئەمشەو لەجێی تاریکی، رووناکی خۆی کردۆتە وشە و کەلامی یەک بە یەکی خەڵکی
شارەکان
لە گوندەکان بەفر و رنوو ئەمشەو تەزوویان نییە
فیشەکی ناو دەمانچەکان دەخەون،
پەلەپیتکەی تفەنگەکان لەجێی خۆیان ویشک هەلاتوون،
قۆنداغی چەکەکان لەناو عەرزدا چەقیون،
لە ئاسمانەوە نە دایک بەرەورووی عەرز و نیشتمان دێت،
پێغمبەرێک لە دایک دەبێت،
کوڕی ئازادی و نەوەی سەربەستییە،
لە نەتەوەی ئەو گەلەیە، مێژوو چاوی پێی هەڵنایە،
لە سەردەمی ئەو مرۆڤانەدا لەدایک دەبێت کە خوداکانیان و پێغمبەرەکانیان نەدای جەهل و
نەفامییان سەر داوە،
لە عەسری کۆیلەیەتیی مۆدێرن، منداڵێک  لەدایک دەبێت، مێژووی بە درۆ ئاودراوی زاڵمان
رەت دەکاتەوە،
منداڵێک کە داهاتوو بە یەڵدا و بە پووشپەڕ دەیهێنێتەوە بیری خۆی
کۆرپەیەک لە ماڵێکدا لەدایک دەبێت
گەلێک لە وڵاتێک دەناسرێت
کۆرپەیەک لە ماڵێکدا پێ دەگرێ
گەلێک لە وڵاتێکدا هەناسەکانی چیتر بە شاراوەیی هەڵنامژێت
پیاوێک کە رووی تاران و وەچەکانی تارانی بەو جیهانە ناساند کە لە وەهمی رووخساردا مابوونەوە
دوکتورێک بۆ نەخۆشیی نەزانی
فەیلەسووفێک بۆ جیهانناسی
ئابووریناسێک بۆ سەردەمی قاتوقڕی
ئەو هەموو شتێکی لا جوان بوو،
ئێشکارۆی نیشتمانی خۆش دەویست،
دارستانی ماچ دەکرد
باوەشی بە شاخدا دەکرد،
کانییەکانی تەواف دەکرد
بۆنی بە لاشەی درەختی مردوودا دەکرد،
ژیانی تێدا دەدۆزییەوە،
رقی لە تەورەکان بوو،
داسەکانی خۆش نەدەویست
کێردی بە نەفرەت دەکرد،
یەلدا
ئەو پیاوەی لە خۆی شاردبۆوە کە ساڵانێک دواتر شاعیران هەڵبەستیان بۆ خەندەکانی
هەڵدەبەست،
ئەو پیاوەی ببوو بە پیاوی یەکەمی هەموو رۆمانەکان،
ئەو پیاوەی شاخەکانی نیشتمانی لە ئەهریمەن و جەهل پاک کردبۆوە،
شارەکانی پڕ کردبوو لە بۆنی خۆشەویستی،
یەلدا
ئەو پیاوەی هێنایە جیهان کە دواتر دایکانی هەموو نیشتمان ئەویان پێ رۆڵەی خۆیان بوو،
رووی لە هەر وڵاتێک دەکرد
لەگەڵ خۆیدا بۆنی خۆشی کوێستان و بنارەکانی نیشتمانی لەگەڵ خۆی دەبرد،
رووی لە هەر هەرێمێک دەکرد
لەجێی پاسەوان باڵندە و پەپوولە بە دوویدا دەهاتن
پیاوێک بوو
ئازارەکانی دەسپارد بە زستان،
خۆشییەکانی دەدا بە بەهار
پاییز لای ئەو هەڵوەرینی خەمی نیشتمان بوو
هاوین لای ئەو گەرمکردنی شۆڕش و وەرگرتنەوەی خاک بوو،
پێغمبەرێک کە ماڵ بە ماڵ،
دێ بە دێ،
شار بە شار،
وڵات بە وڵات ،
کیشوەر بە کیشوەر
تۆوی ئاشتی و یەکسانیی بەدووی خۆیدا دەرواند
قاسملوو
هەر پیاوێکی ئاسایی  نەبوو، رێبەرێک بوو
کە سەروەت و دارایی لە پێکەنینی منداڵە هەژارێکدا دەبینییەوە،
ئەو لەدایک دەبێت و
ئەهریمەنەکانی تاران خەویان لەچاو دەزڕێت،
ئەو لەدایک دەبێت،
خودا لەسەر ناوچاوانی دەنووسێت:
تۆ هێمای عەداڵەت و یەکسانیت،
تۆ خودی ئاشتی و دلۆڤانیت.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 789 · 20 Desember 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

